

نەزاد عەزیز سورمێ

# میدیای کوردی
# لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا

چاپی یەکەم 2020

نەژاد عەزیز سورمێ

**میدیای کوردی**
**لەبازنەی گەمەکانی سیاسەتدا**

- نەژاد عزیز سورمێ
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا
- تابلۆی بەرگ : کارێکی کۆلاژی نووسەر خۆی
- دەرهێنان و دیزاین: کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2020
- **نرخ** : (1500) دینار
- لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی کوردستان
- ژمارەی سپاردنی (687) ساڵی(2020) دراوەتێ.



# میدیای کوردی
# لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا

چاپی یەکەم 2020

# میدیای کوردی
# لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا

(1)

هەر لە سەروبەندی بڵاوکردنەوەی (کوردستان) (کە تا ئێستا وای لەسەر ڕێککەوتووین) یەکەمین ڕۆژنامەیە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کە لە دەرەوەی نیشتمان بڵاو کراوەتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ ، ئەوەی بە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی ناسراوە بە پلەی یەکەم لە سەر دەستی سیاسییەکان ، یا ئەو ڕۆشنبیرانەی زیاتر کاری سیاسیان کردووە دامەزراوە و بەڕێوەچووە ، ئەگەرچی دوای ڕاپەڕین – 1991 – کە پاشان دێینە سەری ئەو بزاڤە ڕەهەند و مەودایەکی دیکەی وەرگرت ، لێ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ

ڕۆژنامەنووسیی پاش ڕاپەڕینیش ، سەبارەت بە هـــۆگەلێکەوە لە هەژمـــوونی ئەو دوو توێژەی ئاماژەمان پێدا بە دوور بوو بێت .

سیما و ئادگاری ڕۆژنامەگەریی کوردی پێش ڕاپەڕیـــن چـــونکە لەســـەرێکەوە لەلایەن سیاســـییەکانەوە بڵاوکـــراوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەی هەنـــــدێ هەوڵ بە ئاراســـــتەی فەرهەنگییەوە هەبـوو ، بەڵام تـا مـۆرکردنی ڕێککەوتننـــامەی ئـــاداری (1970)یـــش بەو ڕەنـگە نەبـوو شـیاوی ئەوە بـێ لە قـاوخی بزاڤێکی ڕۆژنامەگەریدا خۆی بنوێنێ[1] .

دوای ئـــاداری (1970)یـــش ، ئەوەی لە مەیـــدانی ئەوســـای ئەو کـــرانەوەیە و تـــا ڕادەیەک ئـازادییەکی بـام ڕێـژەیش بـوو بـێ کە چـوار سـاڵی خایانـد (1970 – 1974) بـــێجگە لە ڕۆژنـــامەی (التـــاخي) کە وەک زمانحـــاڵی شۆڕشـــی کوردســـتان ، بـــاوەکو حزبێکـی دیـاریکراویش ( پـارتی دیمـوکراتی

کوردستان) بڵاوی دەکردەوە ، دەرکەوتبوو ، ئەویش بە زمانی عەرەبی ، کە لە دوایدا (برایی) وەکو گۆڤارێکی مانگانە کە پاشان بوو بە (برایەتی) و هەر بە مانگانە و ئینجا (برایەتی) وەکو ڕۆژنامەیەکی هەفتانە (حەفتانامە) ، ئەمانەش هەموویان بە هەر ناوێک بووبن پاشکۆی (التاخي) عەرەبی بوون و ناسێنرا بوون و بایەخێکی لەو ڕەنگەیان پێ نەدەدرا وەک ئەوەی بە (التاخي) عەرەبی دەدرا[2].

لە پاڵ دەرچوونی (برایەتی)یش کەتا ماوەیەکی زۆر بەهەفتانەمایەوە ، حکوومەتی عێراق لە ڕێگای وەزارەتی ڕاگەیاندن ، یان وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) حەفتانە و گۆڤاری (بەیان)ی مانگانەی بڵاودەکردەوە ، هەردوو بڵاوکراوەیش باوەکو بەرپرسەکانیان لە سەرەتادا عەرەب بووبن ، بەڵام بە هۆی چەندان لاوی خوێن گەرم و ڕۆشنبیری ئەوسا کە هەندێکیان لە

پاڵەوەیش لە (برایەتی) حەفتانەشدا کاریان دەکرد وایان کردبوو ، بە نموونە (هاوکاری) ببێ بە سەکۆیەکی دیار لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ پێم وا نییە (هاوکاری)ی ئەو چوار ساڵە لەم ڕووەوە بەهەند نەگیرێ ، دیارە گۆڤاری (بەیان)یش بە هەمان شێوە کە ئەو دەمە ڕەوانشاد شاعیری بە توانا جەلالی میرزا کەریم کاری تێدا دەکرد ، ئەگەرچی سەرنووسەرەکەی عەرەب بوو[3].

من لێرەدا لەچوارچێوەی ئەوەدا نیم بیبلۆگرافیای ئەوان ڕۆژان بنووسمەوە ، بەقەد ئەوەی سەرکردایەتی کورد بە کەمتەرخەم دەبینم کە جێی داخە تا بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ بە چەند مانگێک تەواو لە (1974/1/1) کە دەکاتە لە دایک بوونی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی و دەرچوونی ژمارە (سفر)ی (برایەتی) ڕۆژانە ، بیریان لە بڵاوکردنەوەی

ڕۆژنـــــــــامەیەکی ڕۆژانە بە کـــــــــوردی نەکردەوە[4] .

تەنـانەت پـێش ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتننـامەی ئـاداریش ئەو خەڵـکەی لە پـاڵ حکـوومەتی عێــراق بــوون و لە شۆڕشــی کوردســتان (ئەیلـوول) دابڕابـوون ئەوانـیش ئەم پرســە (پرسی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانە بەکوردی)یان لەلادا جێی بایەخ نەبووە .

ڕاســتی ئەمە بە ئیســتیلاحی ئێســتا مژارێکـی سـەیرە ، تـۆ وەرە سیاسـەتوان و ڕۆشـنبیری کـورد ، بە چـاوی خـۆت لە سـەرێکەوە ، ئەو هەمـوو قوربـانی و چیانشـینی و برسـیەتی و کڵۆڵیە ببینی لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەت کەچی زمانەکەی خۆتـت ئەوەنـدە لەلادا بـێ بـایەخ بـێ ، کە بە یەکێـک لە کـۆڵەکە هەرە بەهێزەکـــــانی بـــــوون و ناســــــنامە و گەشەســـەندنی پەرەدانە بە خوێنـــدن و بە بزاڤــی ڕۆژنـامەگەریی و میــدیا بەگشــتی ، ئەگەر باســــــی پێگەیانــــــدنی لاوان و

بڵاوکــردنەوەی بیــری نــوێ و چەســپاندنی ئینتیمــا و خۆشەویســتی خــاک و نیشــتمانیش نەکەین....)[5] .

کەواتە لە هەموو ئەو ماوەیەدا ، بە تایبەتیش بۆ ئەوسا کە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا (مـن باسـی باشـوور دەکەم) دەنـا لە کرماشـان و تـاران و ئێریڤـان و حەیفـا و قـاهیرە وشـوێنی دیـکەش ڕادیـۆ بەکـوردی هەبـووە و پاشـان چەنـــد کاتێـــک لە کەنـــاڵی تەلەفیزیـــۆنی کەرکـووک زیـاتر نەبـوو کە دیـارە ئەویـش سـەر بەدەوڵەت بـوون ، ئەگەرچـی جاروبـار هەنـدێ بەرنـامەی تـایبەت بە ئەدەبیـات و فەرهەنگی کوردیشی(بۆ ئیسقات فـەرز) تێدا بڵاوکرابێتەوە .

ئـا لێـرەدا دەرچـوونی (برایەتـی) ڕۆژانە لە (1974/1/1) کە هەر مانگێکی خایاند ( تەنیا (27) ژمارەی لێ بڵاوکـرایەوە و بە بڕیارێکی فەرمــی دەوڵەتــی عێــڕاق ڕاگیــرا ، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییانەیە لە پێشدا

باسمان کردن.. ئەوە بوو پاشان زۆری نەبرد شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە ) ، درەنـگ بـوو ، زۆریش درەنگ بوو .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنـێ (نـاڵێم ئاقڵیـان پـێ نەشـکاوە) دەنـا بـۆچی ئاقڵیـان بەوە شـکا (التاخي) عەرەبی بە جۆرێک پەرە پێ بدەن ، کە بە ڕاستی بوو بوو بە سەکۆییەکی ئەوەی پێـی دەڵـێن (دیمـوکراتی) بـۆ هەمـوو ئـازادیخوازانی نەک هەر تەواوی عێـراق بەڵکو دەرەوەی عێراقیش .

نەخێـر مـن وەختـی خۆیشـی لەکۆڕێکـدا کە یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لە شـەقڵاوە (1991) گوتم لای سیاسییەکانی ئێمە زمانی عەرەبی بزانی و ئەگەر شڕە ئینگلیزیەکیشی لە پاڵ بێ ، گرینگ نییە کوردی بزانی[6]!!

ئەو کەمتەرخەمـی و بەهەنـد نەگـرتنەیش (کە بەداخەوە ئێسـتاش لە شـێوە و قـاڵبی دیـکەدا درێـژەی هەیە) بە تـایبەتی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو سیاسیانەی لە پشکی

کـورد کاربەدەسـت و بەرپـرس بـوون لە بەغدا . ئەمە مێژووە و دەبێ بنووسرێ .

وەکـو ئاماژەشـم پـێ دا ، ئەوانەی شۆڕشـی کوردسـتانیان بە کۆنەپەرسـت و پیـاوی ئیمپریـالیزم و جـوولەکە وەسـف دەکـرد و خۆیـان بە پێشـکەوتنخواز ناسـاندبوو ، لە کاتێکدا لە پاڵ حکوومەت بوون کە بە هەموو توانای زەمینی و ئاسمانی کەوتبووە ویزەی گیانی کوردو خاکی کوردستان ، ئەوانیش ڕۆژنامەی (النور)یان بە عارەبی دەرکرد و گۆڤارێکی مانگانە ، کە ئەویش بە داخێکی زۆرەوە لە پاشـان بـوو بە یەکەمـین بڵاوکراوەی کوردی کە بەشی زۆری زیاتر لە (جنێونامە) بچێ تا گۆڤار ، کە ئەمەش دەڵێم تەنیا وەکو سەرەقەڵەمێک دەیڵێم لە گێـڕانەوەی هەنـدێ وێسـتگەی پەیوەنـدی بەنووسینەکەمانەوە هەیە ، مێژوویش نە بە من نە بە کەسی دی تا هەتایێ ناشێوێنرێ .

(2)

وتمان کورد مەینەتی زۆری بینی و قوربانی زۆری دا تا ئەوسای لە پێشدا ئاماژەمان پێ دا ، کە بێگومـان پـێش هەمـوو پرسـێک لە پێناوی پاراستنی ناسنامەی خۆی و خاکەکەی کە دیـارە پـاش پـارچە پـارچەکردنی بە چ دەردێـــک بـــراوە ، بێگومـــان یەکێـــک لە کۆڵەکەکانی بوونی هەر نەتەوەیەک زمانە ، (تکـــا دەکەم پـــێم نەڵـــێن کۆنەخـــواز و ناسیۆنالسـت و نـازانم چـی لیسـت ) ئەوەتـا فەرەنسییەکان دەمێکە بە قانوون پاراستن و گەشەی زمانەکەیان چەسپاندووە ، تەنانەت بایەخ بە وانەیش دەدەن کە خزمەتی زمانی فەرەنسییان کـردووە و دەیـکەن ، نمـوونەی نووســـــــەری ناســـــــراوی بە ڕەگەز عەرەب(ئەمـــین مەعلـــووف) ، هەروەهـــا

نووسـەرگەلێکی دیکەی تـونس و مەغریـب و جەزایـر و شـوێنی دیکەش کە دەچنەوە ژێـر چەتــری ئەوەی ناویــان لــێ نــاوە وڵاتــانی (فرانکفـۆنی) لەکەنەداوە بگـرە تـا ئەفریقیـا تـا بە وڵاتانی عەرەبی باکووری ئەفریقیا ڕادەگا.

ئەڵمانەکـانیش ئێسـتا پـاش ئەو هەژمـوونەی تەکنەلۆژیای نوێ ، خەریکن بە جیددی بایەخ بە زمانەکەیــان دەدەن ، باســی جــوولەکە ناکەم ، چونکە ئەوان سەرمەشق و نمـوونەی هەرە ســوور و شــێلگیرن لە چەســپاندن و گەشــەپێدانی زمانەکەیــان ، لە کاتێکـدا هەر کۆمەڵێکیان لەوڵاتێکەوە چوونەتە ئیسرائیل .

لەو ئاراسـتەیەڕا دەردەکەوێ کە بـایەخ دان بە زمـــــانی کــــوردی لای کاربەدەســــتە پەیوەنــدارەکان و سیاســەتوانانی کــورد کە هەمیشە ماکینەی وەگەڕخستنی ئەو پرسەیان لەدەستدا بووە ، بەو ڕەنگە سـەیر نەکراوە ، تەنــانەت دوای ڕاپەڕینــیش (کە لە پاشــاندا دێیــنە ســەری) شـایانی دیتنێـک بـێ تۆمـار

بکرێـــــــــت ، بەدەر لەوەی بە هــــــــۆی ڕێککەوتننـــــامەی ئـــاداری1970ی نێـــوان شۆڕشـی کوردسـتان و حکـوومەتی ئەوسـای عیــڕاق مــۆرکرا ، کە لێــرەدا نــابێ نادیــدە بـــگیرێ ، کـــاتێ خوێنـــدن بە کـــوردی و دامەزرانـــــدنی ژمـــــارەیەک دامەزراوەی پەیوەندار بە زمان و فەرهەنگی کوردی لێ کەوتەوە ، لە پــێش هەموویــانەوە (کــۆڕی زانیـاری کـورد) کە تـا هەڵوەشاندنەوەشـی و کردنـــی بە بەشــێکی بچــووک لە (کــۆڕی زانیـاری عێـراق) کـاری نکۆڵیێنەکراویـان بـۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کورد کرد ، لەوە بتـرازێ کـورد واتەنـی ، ئەوی دی هەمـووی بە پێـوانەی کـاری جیـددی (دوعـا و سـەلام) زیاتر نەبووە ، کە ئەویش خۆی لەیەک دوو ڕۆژنامەی حەفتانە و چەند گۆڤارێکی مانگـانە بینیوەتەوە .

لە سەرێکی دییەوە ئەو ڕۆژنامە و دامەزراوە کولتووریـانەش دوور بـوون لە کوردسـتان و

له بەغـــدا بڵاودەکــرانەوە و بەغـــدا وەک ئەوەی ناوەنـــدێکی دیـــاری کوولتـــووری عەرەبـــی بـــوو ، (بە جیـــاوازی ئاســـمان و ڕێســـمان ) ببـــوو بەناوەنـــدی کولتـــووری کـوردیش ، تەنـانەت لە هەمـوو کوردسـتان ، ئەوە هـیچ کە تـا (دوای ڕاپەڕیـن) ڕێگـا بە کەرتـــی تـــایبەت نەدەدرا چاپخـــانەیەکی پێشـــکەوتوو وەکـــو کـــاری وەبەرهێنـــان دابمەزرێنـــێ ، حکـــوومەتیش لەچەنـــد چاپخانەیەکی دیاریکراو بتـرازێ ، داینەنابوو ، وێـنەی چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە کە نـاوی ژمـارە 2 یـان لـێ نـابوو بەو حسـابەی ژمارە(1) لەبەغدا بوو ، ئەویش تـایبەت بـوو بە چاپکردنی کتێبی قوتابخانەکان و هەروەها چاپخـــانەی زانکـــۆی ســـەلاحەددین و چەنـــد چاپخانەیەکی دی دواکەوتوو وەک چاپخـانەی شـارەوانی هەولێـر یـان چاپخـانەی (ژیـن) لە ســـلێمانی کە لەدوایـــدا داخـــرا ، لە پـــێش ئەوانـــیش چاپخـــانەی کوردســـتان کە

بەسیستەمی پیتچنی کاری دەکرد و لەیەک تا دوو ئامێری هایدلبێرگ زیاتر نەبوو[7].

لەکاتێکدا بەغدا پڕ بوو لە چاپخانەی هەمەچەشنی پێشکەوتووی حکوومەتی و کەرتی تایبەت . دیسان ئەم لایەنەش بە هەند نەگرتنێکی دیکەیە بەلای لایەنی پەیوەندیدارەوە کە دەبووایە بیریان لێ کردبوایەوە ، بەوەی چاپخانە ، مەڵبەندێکی هەمیشە تیشکاوێژ بووە بە تایبەتی لەوان سەردەمان کە بەرەو زیاتر لە سەر ڕۆژنامەگەریی نووسراو بوو ، چاپکردنی کتێبیش لەو لاوە بوەستێ ، بێگومان حکوومەتی بەغدا ئەمەی لا ڕوون بوو کە ڕێگەدان بە دامەزراندنی چاپخانە دەبێتە ئەگەرێک لە ڕێی پەرەسەندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پتەوبوونی ئینتما ، ئێمەش بێدەنگ!!

به بەڵـــــگەی ئەوەی پـــــاش نســـــکۆ و دەستکرانەوەی حکوومەتی بەغدا  دوو ساڵی پێنەچـوو (کـۆڕی زانیـاری کـورد)ی کـرد بە بەشـێکی نەخوێنـدراوە لە (کـۆڕی زانیـاری عیـــڕاق) و بەڕێـــوەبەرایەتی ڕۆشـــنبیری کـــــوردی و دەزگـــــای هاوکـــــاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکدا کۆکردەوە و ناوی لـێ نا (دەزگـــای ڕۆشـــنبیری و بڵاوکـــردنەوەی کوردی) و تەنانەت ڕۆژنامەی (التاخي)یشی کە تـا ئەوسـا (ئینجـا بەهەر ناوەرۆکێـک بـێ) پـێ هەرس نەکـراو کـردی بە ( العـراق) و ڕێگـــای دا مانگنـــامەیەک وەک پاشـــکۆ بـــە کـــــوردی هەر بەو نـــــاوە واتە (عێـــــڕاق) لەشێوەی ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە.

دوای پرۆســـــەی ڕاگواســـــتن و ئەنفـــــال و کیمیـــــایش بە مەبەســـــتی شـــــێواندن و لێکدابڕانـــــدنی زمـــــانی کـــــوردی دەزگـــــا پەیوەندیـــــــــدارەکانی حکـــــــوومەت دوو ڕۆژنامەیـــان بڵاوکـــردەوە هەر ڕۆژنـــامەی

بەشێوەزارێک (ئاسـۆ) بەکرمـانجی خـواروو (بـــــزاڤ)یش بەکرمـــــانجی ســــەروو کە خۆشـبەختانە دوای ئەوەی پێشـوازییەکی لەو ڕەنگەیـان لە لایەن ڕۆشـنبیر و نووسـەرانی کـوردەوە لـێ نەکـراو دەرکیـان پێکـرد کە بە مەبەســــتێکی چەپەڵەوە دامەزرێنـــــراون ، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو داخران[8].

## دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی (بیستراو) و (بینراو)ی کوردی

خـودی ڕۆژنـامەگەریی نووسـراوی کـوردی مێژوویێکـــــی لەو ڕەنـــــگەی نیـــــیە ، (کوردستان)یش کە کـراوە بە دەسـپێکی ئەو مێـژووە ، بـاوەکو لەڕووی سیاسـی و وەک دەسپێشـــخەرییەکی جـــوامێرانەی ماڵبـــاتی بەدرخانییـــان دەنگـــی دابێـــتەوە ، هەروەهـــا هەمـــــوو ئەو ڕۆژنـــــامە و گۆڤـــــار و بڵاوکراوانەیشی بە درێژایی ئەو مێژووەی بە دوایـــدا هـــاتوون ؛ ئەگەر کاریگەریشـــیان هەبـــووبێ ، سـنووردار بـووە ، لەلایەک بە هۆی ئاست و ڕێژەی خوێندەواری میللەت و

ئینجا ئەستەمی بڵاوبوونەوە و ئەو جوغرافیا سیاسـیە نەگریسـەی نـاحەزانی کـورد لە بەرژەوەندی خۆیاندا و بە پێی بەرژەوەندی ڕۆژگـار پێکیـان هێنـاوە و بەو مەحکەمیـیە دایانڕشتووە کە دەبینی شەش دەریان لێ گرتووین...

دیارە دواکەوتوویی خۆشمان سەربار ، جگە لەوەش ئەوەی بڵاویش کراوەتەوە زۆربەی هەرە زۆری یا لە ژێر سانسۆری بێ ئامانی ئەو دەوڵەتانەدا بووە کوردستانیان بەسەر دابەش کـراوە ، یـاخود حکـوومەتی ئەو دەوڵەتانە خۆیان بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان شـتێکیان بە کـوردی بڵاوکـردووەتەوە و ناویشیان لێ ناوە بەوەی شتیان بۆ کردووین لەو ڕاستەشدا منەتیشیان لەسەر کردووین!!

لێرەوە ، حاڵی ڕۆژنامەگەریی نووسراو بەو چەشنە بووە ، کە تاک وتەرا نەبێ (لێرەو لەوێ) بە تایبەتی لە ژێر سێبەری بزاڤە یەک بە دوای یەکەکانی کورد ، ڕۆژنامەیەک ، گۆڤارێک یا بڵاوکراوەیەک دەرچوێندراوە ،

ئەویــش دیــارە هەمیشــە بەهــۆی هەل و مەرجی بابەتییەوە پچڕ پچڕ بووە ، تەنانەت ئەم حـاڵەتە (پچـڕ پچـڕی بڵاوکـردنەوە) لە هەمـــوو ئەو مێـــژووەی بەمێـــژووی ڕۆژنـامەگەریی ناسـێنراوە بە هەر هـۆیەک بــوو بــێ سـیما و ئادگــاری دیــاری ئەو ڕۆژنامەگەرییە بووە .

ئینجـــا ئەگەر حـــاڵی ڕۆژنـــامەگەریی نووســـراومان وا بـــوو بـــێ ، بێگومـــان ڕۆژنامەگەریی بیستراو وبینراویشمان وێرانتر نەبـــوو بـــێ چـــاکتر نەبـــووە ، لەلایەک دامەزرانــدن و وەگەڕخســتنی ئێســتگەیەکی ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن هەر لە بنەڕەتدا قەدەغە بــووە ، ئەوەیشــی هەبــووە لە( ڕادیــۆی کۆمـــاری کوردســـتان) و ئەو ڕادیـــۆ ســنووردارانەی شۆڕشــی ئەیلــوول (دەنگــی کوردســـتان) و ئەوانـــی دیـــکەی حـــزبە کوردســـــــتانییەکان دوای نســــــکۆ و ســەرهەڵدانەوەی شــۆڕش ، کــورد شــتێکی ئەوتـــۆی نەبـــووە (بەخـــۆی) بەنـــاوی

ڕۆژنامەگەریی بیستراو ، لەوەی بەدەر کە لە هەر پـارچەیەکی کوردسـتان ، دەوڵەت بـۆ بڵاوکـــردنەوەی پڕوپاگەنـــدەکانی خـــۆی ئیسـتگەیەکی وەکارخسـتووە بە تـایبەتی لە عێـراق و ئێـران و هەنـدێ شـوێنی دیـکە کە هەوڵ دەدەیـن بـۆ ڕێ ڕوونـی لەم چەنـد دێـــرەی دادێ و بە پشـــت بەســـتن (لەبەشـێکیدا) بە جزمـی یەکەمـی بەرگـی یەکەمـی نووسـراوە بە نـرخەکەی مامۆسـتا کەمال ڕەئووف محەمەد ، کورتەیەکیان لێ بخەینە ڕوو کە بەشێکی گرینگ لە مێژووی ڕۆژنـامەگەریی بیسـتراوی کـوردی پێـک دێنێ[9] .

کە ئەمەش دەڵێم ، دەخـوازێ ئەوەمـان لە بیـر نەچێـتەوە ئەگەر بـۆ ڕۆژنـامەگەریی نووسراوی کـوردی کۆمەڵێک ڕێگر هەبـووە بە گوێرەی مێژووی خۆی گەشەی پێویست بکـا ، لە پێشـەوەی ئەو بەربەسـتانەیش وەک لەپێشـدا باسـمان کـرد ؛ ئاسـتی خوێنـدەواری

کــــۆمەڵی کـــــوردەواری و ئاســــتەنگەکانی جوغرافیــــــــای دروســــــــتکراو لەلایەن داگیـــرکەرانەوە ، ڕێـــی لە بڵاوبـــوونەوەی گرتبوو ، بۆ ڕۆژنامەگەریی بیستراویش ، جگە لە دواکەوتــــوویی کــــــۆمەڵ ، کە زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە بیانیەکانیش لەوانەی بە تـــایبەتی لە ســـەر ڕۆژهەڵاتـــی ناوینیـــان نووســـیوە ، ئاماژەیـــان بەو لایەنە داوە ، کە (ڕادیۆ)یـان ڕاسـتتر (ئـامێری ڕادیـۆ) — وەک وەرگـــر- لە قـــاڵبی تـــابوودا ســـەیرکراوە ، ســـەرەڕای ئەوە بە درەنـــگەوەش هـــاتووە ، لەچـــاو مێـــژووی پەیدابوونیـــدا ، بە هـــۆی هەژاری و نەداریشەوە کەم کەس ، لە چینی هەبوویی و دارا و ماڵە بەگ و ئاغایان بەدەر توانیویەتی ئامێرێکی ڕادیـۆ بکڕێـت ، ئیـتر کە گـوێگر نەبـوو ئیستگەی پەخـش چ سـوودێکی دەبـێ؟ ئەمە تـاڕادەیەک بـۆ ڕۆژنـامەگەریی نووسراویش هەر ڕاستە .

ئێستا با سەرەتا لەوەوە دەست پێ بکەین و بزانین یەکەمین ئێستگەی ڕادیۆ ، یاخود ڕاستتر یەکەمین پەخشی کوردی ڕادیۆیی لەکوێ و کەی بووە؟

بەپێی جزمی یێکەهەمی بەرگی یەکەمی کتێبە ناوازەکەی مامۆستا کەمال رەئووف محەمەد کە بەندە بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی دەبینم ، بە پێی ئەو کتێبە بۆ یەکەمین پەخشی کوردی لەڕادیۆدا ساڵی 1925 زایینی دەست پێ دەکا .

زنجیرەی ئەو ڕادیۆیانەی پەخشیشیان بە کوردی هەبووە یاخود ئیستگەی کوردی بوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە[10]:

1- ڕادیۆی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیێتی (جاران) ساڵی 1925، کە لە دوایدا لە لایەن (ستالین)ـەوە داخرا .

2- پەخشی کوردی ڕادیۆی بەغدا ، کە دوایی بوو بە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا – لە 1939/11/19وە تا ساڵی

2003 – پاش ڕووخانی سەددام حسین – بەردەوام بــــوو بەمەش ئەم ڕادیـــۆیە ، یـاخود پەخشـی کـوردی لەم ڕادیـۆیەدا بە تەمەنتـــــرین پەخشــــــە لە مێـــــژووی ڕۆژنامەگەریی بیستراوی کوردیدا .

3- پەخشی کوردی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک (شــــەرقولئەدنا) لە (یافــــا) ســــاڵی1942 (جەنگەی شـەڕی دووەمـی جیهـان) کە تـا ئەیلــــوولی 1945 بەردەوام بـــــوو. ئەم ڕادیـۆیە سـەر بە ئینگلیـز بـووە ، ڕۆژانە سەعاتێک بەکوردی پەخشی هەبووە(11) .

4- پەخشـی کـوردی لە (ڕادیـۆی ڕۆژهەڵات) – الشــرق – لە لوبنــان ســاڵی 1943 تــا ساڵی 1945، پەخش بەزمانی کـوردی لەم ڕادیــۆیەدا هەفــتەی دووجــاران بــووە ، ڕۆژانـی چوارشـەممە و هەینـی ، پاشـان لە ســاڵی 1945 و 1946دا بــووە بە ڕۆژانە ڕەوانشــــاد کــــامەران عــــالی بەدرخــــان سەرپەرشتی کردووە .

5- ڕادیـۆی کۆمـاری کوردسـتان – مهابـاد – کوردســــتان کە لە1945/12/12 تـــــا 1946/1/1 بەردەوام بـــــوو . وەک لە پێشیشـدا ئاماژەمـان پێداوە ، ئەم ڕادیـۆیە بە یەکەمـین(ڕادیـۆی ئـازاد)ی کـوردی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی بیستراوی کوردی دادەنرێ .

6- پەخشـــی کـــوردی ڕادیـــۆی – کۆمـــاری ئازەربایجـان – لە ئێـران مامۆسـتا کەمـال ڕەئـووف لە بـارەی ئەم ڕادیـۆیە دەڵێـت: "سـەرەتای پەخشـی سـاڵی 1946 دەسـتی پێ کردووە[12].

7- پەخشـــی کـــوردی ڕادیـــۆی یێریڤـــان لە ئەرمەنستانی سۆڤییتی (جاران) ،

وا دیارە ئەم ڕادیۆیە دوو خوول بووە:

- خوولی یەکەم: ساڵی 1930 تا 1937.

- خوولی دووەم: لە1955/1/1 تا 1958.

8- ڕادیۆی کوردی – ئێران – ساڵی 1946 تا 1958.

9- بەشی کوردی ڕادیۆی تاران 1946 تا 1958.

10- ڕادیۆی کوردی – لەسنە – ساڵی 1953.

11- ڕادیۆی کوردی – مهاباد .

12- ڕادیۆی کوردی – تەوریز .

13- پەخشی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە ، کە لە1957/6/1 تا 1963/6/13 دا بەردەوام بووە[13].

14- ڕادیۆی – دەنگی کوردستان – عێراق – ئەم ئیستگەیە وەک زمانحاڵی شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی ئەیلوول) لە 1963/8/20دا دامەزرا . ڕادیۆی (دەنگی کوردستانی عێراق) لە سەرەتای دامەزراندنیدا ، کورتبڕ بوو ، هێزی لە کیلۆواتێک کەمتر بوو ، بەمەش مەودای بڵاوبوونەوەی بەرتەسک بوو ، بە پێی هەندێ سەرچاوە بازانەی نیوەتیرەی لە 50کم تێنەدەپەڕی[14].

ئەم ڕادیـــۆیە تـــاڕادەیەکی زۆر جێـــی متمـانەی خەڵـک بـوو ، گـوێگرێکی زۆری هەبوو ، هەربۆیە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکـــــانی عێـــــراق بە حکـــــوومەتی بەعسیشەوە ، هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕادیۆیە ، هەوڵی جیددیان دا بە هۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەکنیکی پێشکەوتوو ڕێ لە دەنگـی ئەم ڕادیـۆیە بگـرن بگـاتە گوێڕادێرانی[15].

(دەنگـی کوردسـتان) تـا پـاش دەرچـوونی ڕێککەوتنـــامەی 11ی ئـــاداری 1970 بە ماوەیەک بەردەوام بوو ، دوایی بۆ ماوەی نـــــزیکەی چوارســـــاڵ ، بە پێـــــی ئەو ڕێککەوتنـــامەیە (کە یەکەمـــین داننـــانی ڕەسـمی دەوڵەتـی عێـڕاقە بە کێشـەی کـورد) لەکـار وەسـتێنرا ، تـا ئەوەی لە

نیسانی1974دا جارێکی تر کەوتەوە کار ، ئەمجارەش بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو[16].

پاش نسکۆی شۆڕش ، ئاداری 1975 لە ئەنجامی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر ، ڕادیۆکە بۆ ماوەیەک وەستا ، پاشان دوای دەسپێکردنەوەی شۆڕش لە ژێر ناوی (شۆڕشی گوڵان) بە ماوەیەک – پایزی 1977 – دەنگی کوردستان – جارێکی تر وەکارخرایەوە .

ئەم ڕادیۆیە قۆناخ بە قۆناخ هاتووە تا ئەمڕۆیش بەردەوامە . شایەنی باسە لێرەدا ئەوە بگوترێ کە ئەم ڕادیۆیە بە یەکەمین ڕادیۆ دادەنرێ لەوەی لە زنجیربەندی ڕادیۆنەکان کە بە (ئیستگە نهێنیەکان) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دادەنرێ و هەروەها دووەمین ڕادیۆی ئازادیشە دوای ڕادیۆی کۆماری کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی بیستراوی کوردیدا .

15- دەنگی شۆڕشی عێراق

ئەم ڕادیۆیە لەسەرەتای دەسپێکردنی (شۆڕشی نوێ) لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە وەگەڕخرا ، پاشان ناوی گۆڕا و بوو بە (دەنگی گەلی کوردستان) و ئێستاش بەردەوامە .

ئەم ئیستگەیەش بە هەمان پێوەری لە پێشدا ئاماژەی پێ درا ، دەچێتەوە بازنەی ڕادیۆ نهێنیەکان – هەروەها ئەم ئیستگەیەش بە ڕادیۆیەکی دیکەی ئازاد دەژمێررێ کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا پەخشی کردووە .

16- (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)یش ڕادیۆیەکی هەبوو لە ناوچە

ئازادكراوەكانەوە پەخشى دەكرد. لەبارەی مێژووی پەخش و وەستانی ئەم ڕادیۆیە لە هیچ شوێنێک ئاماژەیەک نییە ، ئەوەندە هەیە كە لەگەڵ تێكەڵ بوونەوەی ئەم پارتە لەگەڵ – پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق- دا دوای پێكهێنانی بەرەیەک لە نێوان خۆیان و حزبی سۆسیالستی كوردستان و پارتی سۆسیالستی كورد (پاسۆک) – زۆربەی كادرەكانییان بە سكرتێری گشتیەوە چوونە ناو ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان .

ئەوی ڕاستییە ئێمە لێرەشدا لە بەر ئەوەدا نین بیبلۆگرافیا بۆ ئەوەی دەچێتەوە ناو (ڕۆژنامەگەریی بیستراو)ی كوردی ڕێک بخەین بەقەد ئەوەی مەبەستمان بوو سەرەقەڵەمێک لە مێژووی سەرهەڵدان و دەسپێكی ئەم ڕۆژنامەگەرییە پێشان بدەین وەک دەروازەیەک بۆ باسەكە ، دیارە

ئەوەی باسیش کرا لەمشتی خەروار ناچێتە دەرەوە ، دەنا ڕۆژنامەگەریی بیستراوی کوردی بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین ، لە ڕووی چەندایەتییەوە لە چوارچێوەی پێویستی ئەو جوغرافیایەی ئەمڕۆ بە (هەرێمی کوردستان) ناسراوە زۆر زیاترە ، کە زۆربەشیان ئەگەر نەڵێین هەموویان بەرنامەکانیان بەشەپۆلی FM) پەخش دەکەن[17].

لەبارەی پەخشی تەلەفزیۆنیشەوە (ڕۆژنامەگەریی بینراو ) ، ئەوەندەی من ئاگاداربم هیچ سەرچاوەیەکم نەدۆزیەوە باسی یەکەمین پەخشی کوردی لە تەلەفزیۆن یان ڕاستتر تەلەفزیۆنی کردبێ ، ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە هەندێ ئیستگەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەش کراوە گۆرانییەکی کوردییان پەخش کردبێ ، دەنا وەکو ئیستگە ، تەنیا باشووری

کوردستان (کوردستانی عێراق) پەخشی تەلەفزیۆنی کوردی تێدا هەبووە ئەویش بە درەنگەوە ، لەکاتێکدا عێراق ، یەکەمین وڵاتە لەناو ئەو وڵاتانەی (بە وڵاتانی عەرەبی) ناوزەد کراون ئیستگەی پەخشی تەلەفزیۆنی لێ دانــدراوە ، کاتێ ساڵی 1956 کۆمپانیایەکی ئەڵمانی لە پیشانگایەکی پیشەسازی بەغدادا بەشدار دەبێ ، نێردەیەکی تەلەفزیۆنی لەو پیشانگایەدا نمایش دەکا ، پاشان دوای کۆتایی هاتنی پیشانگاکە ، نێردەکە بە دیاری پێشکێشی حکوومەتی ئەوسای عێراقی دەکا ، ئەو نێردەیەش لە سنووری شاری بەغدا ڕەتی نەکردووە و هێزی ناردنی تەنیا نیوکیلۆوات بووە و بە یەک کەناڵ کاری کردووە .

بە دامەزراندنی ئەو نێردەیە عێراق بوو بە یەکەمین وڵات لەناو ئەو وڵاتانەی بە (وڵاتانی عەرەبی) ناسراون کە پەخشی تەلەفزیۆنی هەبێ .

جێــی باســە کارمەنــدانی ئەو نێــردەیە لە ســەرەتادا ســەر بە وەزارەتــی ( هەواڵ و ئاراستەکردن) بوون – سەردەمی پاشایەتی - دوای تەمـــــوزی 1958یـــــش کە بە (ســەردەمی کۆمــار) ناســراوە خــرایە ســەر (وەزارەتـــــی ڕێنمـــــاییەوە) - دیـــــارە لە دەسپێکیشدا پەخش بە (ڕەش و سپی)بووە ، پاشان لەساڵی 1975 بۆ یەکەمجار پەخشی ڕەنگی دەست بەوەشان دەکا[18].

چیرۆکــی پەخشــی کــوردی لە تەلەفزیــۆنی عێراقیدا چیرۆکێکی درێژ نییە ، کە من پێم وایە ئەگەر پەخشێکی تەلەفزیۆنی بەو نـاوە هەبێ بۆ یەکەمین جار لەعێـراق بـووە ، لەگەڵ ئەوەی تەلەفزیۆنیش ، سایلی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکـــانی حکـــوومەتە یەک بە دوای یەکەکان زمانحاڵی خۆیان بووە بە کوردی ، باوەکو هەندێ جار ، بە نموونە لە ماوەی چوارساڵی دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئـاداری 1970 (1970 – 1974) بە هــۆی

(هەنـــدێ) لەو کارمەنـــدانەی کاریـــان تێـــدا دەکـــرد لەو مـــاوەیەدا نیشـــانە بەو کـــرانەوە ڕێــــژەییەی ڕێککەوتننـــــامەکە فەراهەمــــی کردبـــوو ، چەنـــد بەرنـــامەیەک هەبـــوون ، کە ئەویش لە بەرنـامەی هـونەری و کولتـووری تێـنەدەپەڕین ، دیـارە پـاش نسـکۆی شـۆڕش ئەم بـــوارەیش وێـــنەی بوارەکـــانی دی وێـــک هێنرایەوە(19).

وەک لەپێشیشـدا وتمـان کە عێـڕاق یەکەمـین وڵات بـــوو نێـــردەی تەلەفزیـــۆنی گەیشـــتێ ، لەگەڵ ئەوەشـــدا پەخشـــی کـــوردی (پەخـــش نەک نێردەی سەربەخۆ) بە درەنگەوە بـوو ، ســـوێندی ئەوە نـــاخۆم کە ڕەنـــگە جاروبـــار گـۆرانییەکی کـوردی پەخش کرابێ ، دەنا تـا دوادواکـانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو ئەمە هەروا مـــــــــــایەوە ، تـــــــــا ئەوەی ڕێککەوتننـــــامەی ئـــاداری 1970 لە نێـــوان حکـــوومەتی عێـــڕاق و شۆڕشـــی کوردســـتان مۆرکرا ، لەوساوە بۆ یەکەمین جار پەخشی

کـــوردی (بـــۆ مـــاوەیەکی دیـــاریکراو) لە تەلەفزیـۆن هەنـدێ بەرنـامەی بڵاوکـردەوە ، بەرنامەکـان سـەرەتا لە ڕێـگەی (نێردەیەکـی بەهێزکـردن) لە کەرکـووک دانـدرا ، پـاش ماوەیەک لە ڕێگەی نێردەیەکی بەهێزکردنی دیکەوە کە لە مووسڵ داندرا بوو دەگەیشتە کوردســتان ، تــا ئەوەی هەمــان نێــردەی کەرکـــووک کـــرایە ئیســـتگەیەکی پەخشـــی تەلەفزیۆن بەکوردی کە لەسەعات 5 یا 6ی ئێـوارە تـا 12ی شـەو بەردەوام دەبـوو لە پەخــــش  هەر لەو ماوەیەشـــــدا ، لە پــــاڵ بەرنامەی کوردی (کە ماوەکەی زیاتر بوو) مـــاوەیەک بـــۆ بەرنـــامەی (تورکمـــانی) و ماوەیەک بۆ (سریانی) تەرخان کرابوو.. لەو ئیســــــــتگەیەدا وەک وتمـــــــان ، لەگەڵ وەبەریەکهێنـــانەوەی ئەو کـــرانەوەی پـــێش نسکۆی شۆڕش هەبوو ، جاروبار ڕێگە دەدرا هەنـــدێ شـــانۆگەریی و درامـــا و گـــۆرانی کوردی بڵاوبکاتەوە کە ئێستاش هەندێکیان لە

ناوەنـدە هـونەری و كولتووریيەكـانەوە جێـی سەرنج و باسە.

ڕاسـتيی ڕۆژنـامەگەريی بینـراوی كـوردی تـا (سەردەمی ڕاپەڕین)یش ئەوەی هەبوو لەوە بەدەر نەبــوو حكــوومەتی عێراقــی لە ڕێــی لايەنە پەيوەنديــدارەكانەوە بەرنامەكــانی(بە پێــی هەل و مەرج)و لە ژێــر چــاودێرييەكی توندا ئاراستە دەكرد .

# میدیای کوردی دوای ڕاپەڕین

ڕاپەڕیـــــــن لە خۆیـــــــدا وێســـــــتگەیەکی ســــــەرنجڕاکێش لەلایەک و لەلایەکـــــی دی چاوەڕوانکراو بوو ، کۆتک لەسەری ڕژا بـوو ، زوڵـم و زۆرداری ئەگەر بشـێ بگـوترێ ببـوو بە دوومەڵێکـــی گەیـــوو تەنیـــا نـــووکە دەرزیەکی بچـووکی دەویسـت ، کە ئەویـش هەل و مەرجـی بـابەتی بە هەر هـۆیەکەوە بـوو بێـت ڕەخسـاندنی و هەرچی لە مـاوەی ئەو ماوەیە کۆ ببووە هاتە دەرەوە...

لەو ســــــەروبەندەدا ، پــــــاش هەمــــــوو دەرهاوێشـــتەکانی ، ڕاپەڕیـــن وەک ئەوەی

کـۆمەڵگەی کـوردی بە گشـتی و کولتـووری کــوردی بە تــایبەتی ڕووبەڕووی چەمکێکــی نـوێ کـردەوە ڕووبەڕووی چەمکـی (شـۆکی ئـازادی) ، هەر ئەو شـۆکەیش لە دوایـدا ئەو بێسەروبەریەی لە بڵاوکـردنەوەی ڕۆژنـامە و دامەزرانـدنی ئێسـتگەی ڕادیـۆ و وردە وردە تەلەفزیــۆن و ئیســتگەی ســەتلایت بەدوای خۆیـدا هێنـا ، هەمـوو ئەمـانەش ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ ، بـێ پلانـی و شاشـی لە ڕووی هـاتنەوە لەگەڵ پێشـهاتە تیژڕۆکـانی نـاوچەکە وجیهـــان و دەرهاوێشـــتە پێشـــەبڕ و پاشـــەبڕەکانیدا بە ڕۆژنـــامەگەریی کـوردییەوە دەبینـرێ و ڕۆژ دوای ڕۆژیـش بــاری لاســەنگ و هەل و مەرج لاســەنگتر دەکـــا ، پـــاش ئەوەی ، ئەوەی بە نـــاوی ڕۆژنامەگەریی ( ئەهلی ) و ( سەربەخۆ)یش هاتنە مەیدان.. وای دەبینم لە باتی هاوسەنگ کـردنەوەی بـاری ڕۆژنـامەگەریی کـوردی و هەوڵـــدان بـــۆ پێکهێنـــانی ڕای گشـــتی بە

ئاراستەی متمانە بەخۆبوون ڕوو لە ئایندە و لەبەرچاوگرتنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵ و بنەماکانی ئەمنیەتی نیشتمانی ، بوو بەمەیدانی موزایەدە و لێدان و سپیکردنەوەی ڕەش و ڕەشکردنەوەی سپی...

دیارە لە پاڵ ئەو ڕۆژنامەگەرییەش ڕۆژنامەگەریی حزبی هەبووە ، ڕۆژنامەگەریی حزبی هەر لەبنەڕەتدا ڕۆژنامەگەرییەکی بێ لایەن نییە ، بەڵام سەرچاوەی دارایی دیارە و لە هەمان کاتدا هۆیەکانی ڕاگەیاندنی – نووسراو – بیستراو – بینراو – ئەلکترۆنی – بە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە کار دەکەن ...

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ ڕۆژنامەگەریی حزبی کە مێژوویەکی لە کۆی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە ، هەمیشە لایەنداری حزب بووە ، زۆر لەو ڕۆژنامە و

ڕادیۆیانە ڕۆژگاریکی زۆر سەکۆی بەرگری بوون لە خەڵک و جەماوەر و دەوری کارایان لەو بوارەدا دیوە.

سەرەباسی ئێمە لەم پاژەدا ڕۆژنامەگەریی پاش ڕاپەڕینە... لێرەوە بە پێویستی دەزانم هەڵوەستە لەسەر چەند خاڵێک بکەم کە ئەو ڕۆژنامەگەرییەی پێ دەناسرێتەوە .

# چی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان و ئاراستەی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا گۆڕا ؟

سـەرەتای ڕاپەڕیـن ، چەشـنێک لە شـۆک (شـۆکی دەربـازبوون لەسـەرکوتکردن و سانسـۆر) ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسـان بووەوە ، بەمەش هەر کەسێ لەلای خۆیەوە دەیویسـت کارێـک بکـا ، هەڵسـوکەوت و هەڵوێستێک بنوێنێ ، وەک ئاماژەشمان پێدا سـەرەتا ئەو شـۆکە بـوو سیسـتەمی مرۆڤـی کوردی لە بارێکەوە هێنایە بارێکی دی، بەڵام لە سـەرێکی دیـیەوە ڕاپەڕیـن کەش و

هەوایەکـــی تـــری بڵاوکـــردەوە تـــاڕادەیەک تەنانەت ئەو حزبانەی لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیشدا بوون (بێگومان هەموویان نا) وەک هـــۆی کـــارای ڕاگەیانـــدن لە ڕادیـۆیـــان زیـــاتر نەبـــوو ، بە ئاراســـتەی کولتـــووریش بزاڤێکی لەو چەشنەیان نەبوو ، ئەوەی هەبوو یەکێتـــی نووســـەران ، پـــاش کـــاراکردنەوەی هەنـــدێ چـــالاکی کولتوورییـــان لە شـــێوەی کـــۆڕ و ســـیمنار و بەرنـــامەی ئیســـتگەیدا هەبـــــــوو[20]، وەکـــــــو جـــــــوولانەوەی ڕۆژنامەنووســـیش یەکەمـــین جـــار یەکێتـــی نووســـەران ڕۆژنـــامەیەکی ڕۆژانەیـــان لە ڕۆژانـــی (کـــۆنگرەی ڕاپەڕیـــن)ی خۆیانـــدا بە نـــاوی (کـــۆنگرە) دەرچووانـــد ، وەکـــی دی بڵاوکراوەیەکـــی لەو جـــۆرە نەبـــوو بشـــێت بگـــوترێ بەقەد ئەو گـــۆڕانە بێـــت ڕاپەڕیـــن بەرپـــــای کـــــرد . تـــــا ئەوەی ســـــاڵ وەرســـــــــووڕایەوە و دوای هەمـــــــــوو دەرهاوێشـتەکانی کـۆڕەوی ملیـۆنیی کـورد ، لە1992/1/12دا ژمـــــارەی ســـــفری

ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانە بە نـاوی (کوردسـتانی نـــوێ) لە شـــاری هەولێـــر لە لایەن یەکێتـــی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە ، لەگەڵ دەرچـــــوونی (کوردســـــتانی نوێ)یشـــــەوە حزبەکانی دیکەش کەوتنەخـۆ ، لەوانە پارتی دیمـــــوکراتی کوردســـــتان بەحەفتەنـــــامەی (خەبـــات) لە پێشـــدا پاشـــان ڕۆژنـــــامەی (برایەتـــــــی) ڕۆژانە و پـــــــارتی گەل – بە ڕۆژنـــــامەی ناوەنـــــاوەی (گەل) و حزبـــــی سوسیالستی کوردستان بە (ڕێگای ئازادی)و پاشـان حزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)....تاد

دیـــــــــــارە لە ڕووی هەڵســـــــــــوکەوتی ڕۆژنامەنووسـان مـۆدێکی دی هـاتە کـایێ ، جیـــاواز لەوەی پـــێش ڕاپەڕیـــن ، بەوەی ڕۆژنامەنووسـان لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕۆژنـامەرگەریی ڕاپەڕینـدا کەوتـنە کەش و هەوایەکی ئازاد و ئازادانە بیریان دەکردەوە دەیاننووسی کە هەندێ جار پیشەییایەتیشیان

ڕەچـــاو نەدەكـــرد ، بەڵام دیســـان تـــا هەڵبـژاردنیش (سـاڵی 1992) هەسـتیان بە بەرپرســـیاریەتی دەكـــرد كە ئەزموونێـــك بەڕێوەیە پێویستە بپارێزێ ...

بە كـــوردی بە بـــێ ئەوەی كۆبـــوونەوە و ڕێككەوتنی لەسەر بكرێ ، ڕۆژنامەنووسان كە زیاتریش لەناو تـوێژی نووسـەراندا هـاتبوون تـــــاڕادەیەكی بەرچــــاو لە مەســــــەلە چارەنوسسازەكاندا یەك دەنگ بـوون نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەگەر كەسێ ویستبای یا زاتـی ئەوەی كردبـووایە بە هەر بیـانوویەك بـــێ درز بخـــاتە ئەو یەكـــدەنگیە ، لە لایەن خـــودی ڕۆژنامەنووســـانەوە لە قەڵەمـــی دەدرایەوە و لێی قبوڵ نەدەكرا...

بە مانـایەكی دی ئاراسـتەی میـدیای كـوردی لەو سـەردەمەدا ، ئاراسـتەیەكی سـتراتیژی دووربینتــر بــوو میــدیایەكی تــاڕادەیەكیش بەرژەوەنــدی گشــتی لەبەرچــاو دەگــرت ، بـــاوەكو ئەوســـا ئەوەی هەبـــوو نەبـــوو

ڕۆژنـــامەگەریی حزبـــی بـــوو بـــێ . بەڵام لە ڕووی پیشـــەییایەتی و بـــاری ئەو میـــدیایە ، ســـەیر دەکەیـــن ڕۆژنـــامەگەریی بیـــروڕاو ڕۆژنـــامەگەریی هەواڵ تـــێکەڵ کرابـــوون کە ئێســـتاش ئەو ســـیمایە لە میـــدیای کـــوردی و کوردســـــــــتانیدا ون نیـــــــــیە.... هەر بەم ئەگەریشـەوەیە زۆرجار بابەتـایەتی تێدا کـاڵ دەبێتەوە .

میـدیای کـوردی لە دەسـپێکی پـاش ڕاپەڕیـن تـــا ڕادەیەک ، تەنـــانەت لەچـــاو ئێســـتاش دوانەکەوتبـــــــوو بە ڕۆژنـــــــامەگەریی بیستراویشـــەوە کە چەنـــدان بەرنـــامەی ڕۆشـنبیری و کولتووریـان بڵاودەکـردەوە و بە پێـی هەل و مەرج و ئیمکانیـاتی ئەو دەمە دەکەوێتە ناو حسابانەوە .

بەڵام پـــاش هەڵبـــژاردن و دامەزرانـــی پەرلەمان و حکوومەت ، دیارە بارەکە کەوتە بازنەیەکی دی ، بە بڕوای من تـاقیکردنەوەی هەڵبژاردن و (شەڕە پەڕۆ) و پاشان (شـەڕی

بەڕاستی) کە بە شەڕی ناوخۆ دەناسرێتەوە و دەرهاوێشتەکانی ، لە پێشەوەی ئەو هۆیانە بوون کە ئیتر ڕەنگی حزبایەتی جێی بەڕەنگی یەکرێزی لەق کرد... بەم جۆرە وەک پێویست بوو و دەیخواست میدیای کوردی هەواڵی ڕاست و زانیاری دروست و پێویست بدا بە خەڵک ، کەوتە ئەو بارەی هەر کەسێ بە لەیلای خۆیدا هەڵبڵێ...

تا ئەوەی میدیای بینراویش هاتە دامەزراندن و پەخش و وەشانی دەست پێکرد ، سەرەتا بە دەیان و دوای بوو بە سەتان ڕۆژنامە و ڕادیۆ و زنجیرەیەک کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆن... تاکو گەیشتە ئەوەی کەناڵی ئاسمانی دامەزران ، کە یەکەمینیان کەناڵی (مێد تیڤی) بوو لە دەرەوەی کوردستان ، لە هەندەران و پاشان کەناڵی (کوردستان TV وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی لە ناوەوەی کوردستان لە نیشتمان ساڵی 1999 دەستی

بە پەخش کرد و لە دوایشدا وەک دەبینین چەندان کەناڵی دیکەی بەدوادا هات ، لەوانە (کوردسات ، زاگرۆس ، گەلی کوردستان) و تاد....

بەو ڕەنگە میدیای کوردی چووە قۆناخێکی دیکەوە ، ڕۆژنامەنووسانیش کە تا ماوەیەکی زۆر لە ناو توێژی نووسەرانەوە دەهاتن ، وای لێهات هەرچی خەت و قەڵەمێکی هەبوو ، بە هۆی بوونی ئەو هەموو بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانەوە بوو بەڕۆژنامەنووس!! ، بە تایبەتی لەکات و دوای شەڕی ناوخۆ (بچی نەیەتەوە) وەک یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی پەیوەندیدار بە میدیا ، میدیایەک خۆی بە (میدیای ئەهلی) خستەڕوو ، هەروەها میدیایەکی دی کە بە (میدیای سێبەر) ناسێندرا پەیدا بوو.

ئەوەی بە (میدیای ئەهلی) خۆی پێشکەش کرد ، لە ڕاستیدا لە هەندێ وێستگەوە نەبێ جیاوازیەکی جەوهەری ئەوتۆی لەگەڵ

(میـــدیای ســێبەر) لــێ نەخوێنــدراوەتەوە ، ئەمەش لە خوێنـدەواری وردبـین پێم وانیـیە شاراوە بێ کە هەمیشە بە سەکۆیەکی حازر و ئامادە دیتـراون ، بەرداوا ، بـۆ ئەو لایەن یـان ئەو کەسـایەتی لەدژی ئەوی دیکەیـان ، هەر شتێکیش بە نرخی خۆی ، دەنا (ئەهلـی) یـانی چی؟

ئەگەر لە ڕووی زمـــانەوە لێـــی بـــڕوانین ، (ئەهلی یان ئەهالی) واتە هاونیشتمان ، باشـە خـــــــۆ ئەو هاونیشـــــــــتمانییانەی هەر لە هەڵبژاردنی یەکەمەوە ساڵی 1992 دەنگیـان بەلایەنەکـــانی کوردســـتان دا ، ئەوانـــیش دەتوانن بە میدیاکانی خۆیان بڵێن (ئەهلـی) ، ئەگەر مەبەسـتیش لە (ئەهلـی) سـەربەخۆیی بێ ، داخۆ ئەو (خۆ)یە کێیە؟

لەلایەنی ڕوانینی بابەتـایەتی و پیشـەییایەتیەوە دەبێ ئەو (خـۆ)یە (خـاک – نیشـتمان)بێ ، بە هەموو ئەو مانایانەی وشەکە هەڵیدەگرێ لە

مەغــزا و ئینتیمــاوە ، ئەوەش وای نــابینم بە هۆی لەترکزەیی خودی ماناکە ، بەو چەمکە ڕەنگـی دابێـتەوە . وەکـو ڕای خـاکی خـۆم ، هەرگیــز لەو بــاوەڕە دانــیم نەک تەنــێ لە کوردسـتان ، لە هەمــوو جیهانــدا میــدیایەک هەبێ سەربەخۆ .

کەناڵەکـانی میـدیا یـان سـەربە حـزبێکن ، یـا کۆمپانیایەک یا گروپێکی بازرگانی دیاریکراو یـان سـەرمایەدارێک کە لە ڕووی دارایـیەوە پشــتی دەگــرێ و بــاروبووی دەکــا ، یــان زۆرجار ڕەنگە سەر بەلایەنێکی هەواڵگریی یا سـەربازی یـا دەوڵەتـی یـان ڕێـی تـێ دەچـێ هەنـدێ جـار سـەر بەدەوڵەتێکـی ئیقلیمـی یـا هەر دەوڵەتێکــی دی بــۆ بەرژەوەنـــدیەکی تـایبەتی ، یـاخود لایەنێـک یـا دەزگـایەک لەو دەوڵەتە... تەواوی کەناڵەکـــــانی میـــــدیای دونیـایێ لەو بـازنەیە نـاچنە دەرەوە ، ئەگەر نموونەیشـــت ویســـت ، ســـەیری کەنـــاڵی (الجزیرة) لەقەتەر و (العربیة) و (الحـدث) و

ڕۆژنامەکانی (الحیاة) و (الشرق الاوسط)ی عەرەبستانی سعوودی و (العالم)ی سەر بە ئێران و کەناڵە ئیتاڵیەکانی سەر بە سەروەزیرانی پێشوو بەرلسکۆنی و میدیاکانی (مەردۆخ) لە بەریتانیا و شوێنی دی .

تەنانەت (BBC) عەرەبی و فارسی و زمانەکانی دی کە زۆرجار وەکو نموونەی سەربەخۆ و بێلایەن باسیان دەکرێ ، هەرچەندە باروبوو لە حکوومەتی بەریتانیا وەرناگرێ ، لەکاتێکدا سەرەتا لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە دامەزراوە ، ئێستا لە ڕێی ئەو باج و دەرامەتەی لە هاوولاتیانی وەردەگرێت بەڕێوە دەبرێ ، کە ئەویش بێگومان دەوڵەت بە پێی یاسا و ڕێسایەک ڕێکی خستووە...

ڕاستە BBC تا ڕادەیەکی نکۆڵیلێنەکراو بابەتیایەتی و پیشەییایەتی لە هەواڵ و پرۆگرامەکانیدا پاراستووە ، بەڵام ئەویش کە (بە دڵی خۆ) سەر مەشق و نموونەیە

زۆرجــار بە بێلایەنــی هەڵســوکەوتی لەگەڵ هەنــدێ هەواڵــدا نەکــردووە و بە پێــی بەرژەوەنــدی دەوڵەت (بەریتانیــا) بە هەر بیانوویەک بێ ڕەفتاری کردووە بە تایبەتی لە بڵاوکـــردنەوەی هەواڵـــدا ، تەنـــانەت گەیشتووەتە ئاستێک ، هەر بۆ نموونە BBC لەبەشــی فارسـیدا بە کەنـداو دەڵــێ (خلـیج فــارس) کە چــی لەبەشــی عەرەبیــدا دەڵــێ (الخلیج العربی) !

بــێجگە لەوەی زۆر هەواڵــی مەترســیدار هەبـووە لە زوڵـم و زۆری دونیـایێ و پێشێل کردنــی (مــافی مــرۆڤ) لەلایەن هەنــدێ ڕژێمـــی حـــوکمەوە ، کەچـــی چـــونکە بەرژەوەنـدی دەوڵەتــی ئینگلیــز لەگەڵ ئەو ڕژێم یان ئەو دەوڵەتدا بـووە ڕێگای نەداوە ، تەماشـا دەکەیـن BBC ، یـان خـۆی لـێ بــواردووە ، یــاخود ئەگەر باسیشــی کردبــێ وەک دەڵێن لە ڕووی (اسقاط فرض) بـووە ، واتە لە کۆڵ خۆکردنەوە .

ئێمە کە BBC دەهێنینەوە لەو ڕوانگەوەیە کە باشترینیانە لە نزیک بوون لە پاراستنی بێلایەنی و پەیڕەو کردنی پیشەییایەتیدا[21].

CNN یش کە بە سەربەخۆ ناسراوە و موڵکایەتی یە ، ڕاستە لە ڕووی خێرایی گەیاندن و پیشەییایەتی و کادیری پڕۆفیشناڵەوە ، ناوبانگی دەرکردووە ، بەڵام لای شارەزا و چاودێرانی میدیاوە کارکردنی ئەو کەناڵە بە تایبەتیش لە ڕووی ئاراستەی ستراتیژییەوە (ستراتیژیەتی ئەمریکا) شاراوە نییە[22] .

(CNN)یش دەچێتەوە ڕیزی ئەو کەناڵانەی ئیعتوباریان وەرگرتووە. بەڵام کە بەوردی لێی بڕوانین زۆرجار ئەو جۆرە کەناڵانەیش بەهێزی خێرایی گەیاندن و کادیری پڕۆفیشناڵ و پیشەییایەتی لە کارکردن و تەکنیکی نویٚ و بایەخ دان بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژی سەرنجڕاکێشەوە لایەندارییان دادەپۆشن...

کەواتە ئەو میــدیایەی بە (ئەهلــی) خۆیــان ناسـاندوە لەو کەنـاڵانەی بە کـوردی پەخـش دەکەن یـــان بـــڵاو دەکەنەوە نەیـــانتوانیوە بێلایەنـی خۆیـان بپـارێزن ، هەرچەنـدە کەنـاڵ هەبن ڕەنگە زۆرجار توانیبێتیان (تاڕادەیەک) لایەنە ناکۆکەکـان لەسـەر پەڕەی ڕۆژنـامە و بەردەم مایــک و شاشـــەکانیان کـــۆبکەنەوە، بەڵام بێلایەنی یا سەربەخۆی بە تەنیا هەر لە کـــــــۆکردنەوە و بەرابەر ڕاگرتنـــــــی ڕایە جیاوازەکان نییە .

میـدیای کـوردی هەرچـی بکـا ، نەیتوانیـوە لە ئاراستەی باروبووکەر بێتە دەرەوە ، بێگومـان کەسیش ئامادە نییە لەبەر ئاوێنە بوەستێ و جنێو بدا و بە پارەی خـۆی تەشـهیر بە خـۆی بکـا ، یـان هەرچـی نەبـێ بەلای بەرژەوەنـدی خۆیدا نەشکێنێتەوە.

پاشـــان لێـــرەدا مەســـەلەکە بە تەنیـــا هەر پاڵپشـتی دارایـی نییـە ، بەڵکـو پاڵپشـتی گەلێـک جـــــار لە زانیـــــاری پێـــــدان و دەرفەتـــــی

دەستخستنی ڕیکلام و پەیداکردنی سپۆنسەریشدا دەبێ... چەندی میدیای سێبەرە ، میدیای سێبەر ئەگەرچی لە کوردستان ئەزموونێکی تاڕادەیەک تازەیە ، بەڵام زۆر لە دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتە پارەدارەکان ئەوەیان تاقی کردووەتەوە و بەردەوامیشن بە نموونە کڕینی چەند کەناڵێکی میدیایی ، ئینجا ڕۆژنامە یا گۆڤار یا کەناڵی تەلەفزیۆنی بێ کە پێیاندا هەڵبڵێ و پەسنی کارەکانیان بکا و.....تاد.

ڕژێمی سەدام حسین بەرچاوترین نموونەیە ، لە کڕینی ئەو جۆرە میدیایە ، بە تایبەتی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بە خاوەنداریەتی دەزگایەک یا کەسێک لە پایتەختەکانی دونیادا دەردەچوون . چەندی میدیای سێبەرە لەکوردستاندا دوای شەڕی ناوخۆ سەری هەڵدا لەم ڕاستەشدا پیشەی ڕۆژنامەنووسیی لە پیشەیەکی ئامانجداری بەرپرسیار کرد بە پیشەیەک بۆ بژێوی و دەرکەوتنی خەڵکانێک

کە هەندێ جار ڕۆژنامەنووسیش نەبوون !
تەنانەت زۆر جار لێرەو لەوێ هەوڵ هەبووە لە سپیکردنەوەی ڕەش و ڕەشکردنەوەی سپی...
سەرەڕای ئەوەش میدیای پاش ڕاپەڕین کە ئێمە باسی ئەو میدیایە دەکەین دوای شەڕی ناوخۆ و ململانێی لایەنەکان سەری هەڵدا بە میدیای ئەهلی و سێبەریشەوە کە زۆرجار میدیای لایەنەکانیشی بەو ئاراستەیە ڕاکێشاوە ، درێغیان نەکردووە لە بڵاوکردنەوەی کولتووری بەکاربردن (استهلاکی) و بەلاڕێدابردن و خوردبوونەوەی شاش و درشت ، بە هۆی بەرنامە و درامای لاسایکاری خۆماڵی و دۆبلاژکراوی نامۆ بە کۆمەڵی کوردەواری کە ئەگەرێک بووە لە کاڵ کردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی ، سەرەڕای ئەوەش کەناڵگەلێک (لۆکاڵی و سەتەلایت) دەرکەوتوون بە نموونە خۆیان بە

داکۆکیکــاری ئــافرەت و ژنــان ناســاندوە ، کەچی هەمیشە دەبینین زوومی کامیراکانییان ڕوو لە جەســـتەی ئـــافرەت و ژیـــانی زۆر تــایبەتیەتی ، بە ماڵپەڕەکانیشــیانەوە ، ئەگەر باسی ئەو ڕیکلامانەیش نەکەین کە بەهەمان ئاراستە بڵاودەکرێنەوە .

لەلایەنــی هەڵبــژاردن و دانــانی بەرنــامەی ڕۆژانەشـــدا شــتێک لە میـــدیای کوردیـــدا نابینـدرێ بیـر لەوە کـرابێتەوە چ فلیمێـک یـا درامـــایەک دەبێــتە هـــۆی بڵاوبـــوونەوەی تونـدوتیژی یا لاوازکردنی ئینتیما بە تایبەتی لای نەوەی نــوێ ، کەچــی کــۆڕ و ســیمینار لەبارەی ئەو مەسـەلانە لەڕووپەڕی لاپەڕە و بەردەم مایک و شاشەکانییان ناپسێنەوە!!

# میدیای کوردی و سوود وەرگرتن
# لە تەکنەلۆژیای نوێ

لە ڕاست سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا ، میدیای کوردی بە هەموو چەشنەکانییەوە توانیویەتی سوود لە هەل و مەرجە ڕەخساوەکان ببینێ ، ئەمەش سەرەتا زیاتر لە (میدیای نووسراو)دا ڕەنگی دایەوە ، بەوەی هەموو تایبەتایەتیەکانی چاپی بۆ مەیسەر بوو  کە تا پێش ڕاپەڕین ئەوەی بە پێوانەی ئەوان ڕۆژگاران پێشکەوتوو بوو و لەگەڵ سەردەمدا هاتبووەوە تەنیا لە (بەغدا) هەبوو ،  تەنانەت بەغدا تا ئەو دەمەیش مەڵبەندی بێ ڕکابەری چاپکردن

بوو ، چونکە کوردستان ئەگەرچی ژمارەیەک چاپخـــانەی تێـــدا بـــوو ، بەڵام چاپخـــانەی پەروەردەی لێ بترازێ (ژمارە2) کە ئەویش تـــایبەت بـــوو بە لە چاپـــدانی کتێبەکـــانی قوتابخانە و کتێب و بڵاوکراوەی دی لێ چاپ نەدەکـرا ، تەنـانەت کتێـب و تـاکە گۆڤـاری( ئەمینـدارییەتی ڕۆشـنبیری و لاوان)ی ئەوسا (کاروان)یش لە بەغدا چاپ دەکران ..

بەو ڕەنگە هات تا لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی ســـەتەی ڕابـــردوودا ، تەکنیکـــی چـــاپ لە ڕۆژنامەنووســـیی کوردیـــدا پێشـــکەوتنی بەرچاوی بەخـۆوە بینی ، چەنـدان چاپخـانە و دەزگـــای وەشـــاندن دامەزران .. بە هـــاتنی کۆمپیـــۆتەریش ، جـــۆری چـــاپ لە ڕێگاکـــانی پێشووی تێپەڕاند....

دیارە هەمیشەیش تەکنیکی چاپ و دیـزاین و دەرهێنـــــانی هـــــونەری بەشـــــی زۆری بە پێشـکەوتوویی ئامێرەکـانی چـاپەوە بەنـدە ، ئەگەرچـی ڕۆڵـی دیـزاینەر و هونەرکـارانیش

جێـی ئامـاژە و لەسـەر ڕاوەسـتان بـێ ، کە بێگومان لە هەموو باراندا ئەوانن تایبەتایەتی بە ستایلی دەرهێنانی هونەری بڵاوکراوەکە دەدەن ، بەڵام بێگومـــان ، وەک وتمـــان دامەزراندنی چاپخانەی پێشکەوتوو هەروەها پێداویستەکانی دی چاپ ، بە تایبەتی ئامێری تایـپ و چـاپ کـردن و لایەنـی دیـزاین و جوانکـــاری و لێخەوتـــانی هونەرکـــارانی ڕۆژنـــامە و بڵاوکراوەکـــانی دی لە میـــدیای کوردیدا بە ئاشکرا دەرکەوت ، وای لێ هات چاپکراوەکـــان لەم ڕووەوە بچـــنە خـــانەی کێبەرکێـــوە ؛ لەڕووی فـــۆنتی تـــایبەت بەخۆیـان و هەوڵ دان بـۆ ستایلی تـایبەت لە بڵاوکـــردنەوەی وێـــنە و تایپۆگرافیـــای جۆراوجۆر و بایەخ دان بە تایتڵی سەرەکی و لاوەکی و دابەشکردنی ستوونەکان بەسەر بۆشـــایی لاپەڕەکانـــدا و لاپەڕەبەنـــدی و هاوسەنگ ڕاگرتنی هەموو ئەو لایەنانە ..

لەگەڵ ئەوەشدا ، چاپکراوەکان (ڕۆژنامە – گۆڤار – بلاڤۆکی دی) ، بە میدیای بیستراو و بینراویشەوە لە دیزاین و دەرهێنان و ستایلی شاشە ، لە یەکئەنوایی و لاسایی کردنەوەی میدیاکانی دەوروبەر و ئەوروپایی بەو ڕادەیە بەدوور نەبوون هەستی پێ نەکرێ ، ئێستاش زۆربەیان ، (هەندێکیان بە وەرگێڕانی ناوی خودی کەناڵەکەیش) کاریگەریی ئەو کەناڵانەیان تێدا شاراوە نییە....

وەکو گەیاندنیش ، میدیای کوردی تا ئێستا هەژاری پێوە دیارە ، تەنانەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش بە هۆی زۆری و بۆرییانەوە – ژمارەیەکی کەمیان لێ بترازێ کە لە پەنجەی دەستێک تێناپەڕن- ئەو گوێگر و بینەرەیان نەماوە ، تیراژی میدیای نووسراویش لەچاو ژمارەی دانیشتووواندا ، هیچ وەختێک نەگەیشتووەتە ئاستی جێی باسان ، بڵاوکردنەوەش لەو لاوە بوەستێ ،

کە ئـێمە وەکـو کوردسـتان دەزگـایەکی گشـتگیری حکـوومەتی یـان کەرتـی تایبەتمـان نیـیە ، لە کـاتی خۆیـدا ڕۆژنـامە و کتێـب بڵاوکراوەی دی بگەیەنێتە خوێنەر.

کەنـاڵە نـاوخۆییە لۆکاڵیەکـانی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنەکـانیش زۆربەیـان ئەوەیـان لـێ دەخـوێنرێتەوە کە بە مەبەستی قازانج زیـاتر دامەزرێنـرابن ، بەو کەنـاڵانەوەیش کە بـۆ منداڵان خراونەتەگەڕ[23].!

دیـارە پێشـکەوتنی تەکنیکـی ، پێویسـتی بە تەکنیکـار ، یـا ئەوەی پێـی دەگـوترێ کـادیری پڕۆفیشـناڵ و ڕۆژنامەنووسـی بەکـار و هـاوچەرخ هەیە ، لەم ڕووەشـدا ئەگەرچـی هەنـدێ لە دەزگاکـان بایەخیـان بەم لایەنە دابـێ ، بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی ، دیسـان ڕۆژنامەنووسانی دوێنێ بە تاو و کەرەستەی ئەوسـاوە مەیـدانەکەیان گرتـووە ، بەتـایبەتیش زۆربەی ئەوانەی لە (میـدیای نووسراو)دا کار دەکەن....

ئەم مەسـەلەیەش، مەسـەلەی پێگەیانـدن و ڕێگـا خـۆش کـردن بـۆ گەنجـانی جیـددی و کـارا و خـاوەن خەون تـاڕادەیەک لە قەدی خۆیـدا مـاوەتەوە و هەوڵێکـی بەڕاسـتیم لەو لایەنەدا نەدیوەو نەبیستووە ، کە بە ڕای مـن کروکـی هەسـت بەخـۆکردن و پێشـڕەوی لە ژیـانی ڕۆژنامەنووسـیدا ، وەکـو ناویـان بە (پیشـــەی مانـــدووبوون) بـــردووە ، بەو ئاراستەیە دەکرێ....

لـــێ ئەوەی دەبینـــرێ و بەرچـــاوە ڕۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە سنوری ئەرک و مـاف لێک جیابکەنەوە.... کارەکە وێرانتـریش بوو دوای دەسبکاربوونی ئەوەی بە (میـدیای سێبەر) ناسراوە بە شێوەیەک میدیای خستە دەرەوەی کەوانەی (ئازادی–بەرپرسیاریەتی) ئیتـر هەر تیـرە و لە کەنـداڵێ و هەر یەکە و بە ئاوازێ بۆ لەیلای خۆی و ناشیرین کردنی لەیـلای خەڵکـی دی لە ژێـر سـەردێری –

ئەهلـــی و ســـەربەخۆ- و ئازادیـــدا کەوتـــنە خوێندن لەیەکدی و بۆ یەکدی!!

ڕاستە ڕەنگە هەندێ لەو میدیایانە هەوڵیان دابێ (تاڕادەیەک) هاوسەنگی ڕابگرن ، بەڵام خـۆ ڕۆژنامەنووسـی پرۆفیشـناڵ و میـدیای سـەربەخۆ (ئەگەر هەبـێ) کـاری هەر ئەوە نیـیە بەوە هاوســەنگی ڕابگــرێ کە مــادەم بیـروڕای (ئەلـف)ی وەرگـرت و پاشـان هـی (بــێ) بەو مانــایە دەکەوێــتەوە هاوســەنگی ڕاگرتــــووە !! بە پــــێچەوانەوە میــــدیای پرۆفیشناڵ ، بەر لە هەمـوو شتێک دەخوازێ بیــر لە پێــدانی زانیــاری بکــاتەوە کە ڕێگــای خـوێنەر و بینەر و گـوێگر ڕوون دەکـاتەوە و دەبێتە بەشێک لە پێکهێنانی ڕای گشتی...

ڕۆژنامەنووســــی پرۆفیشــــناڵ ڕەچــــاوی پیشـەییایەتی دەکا ، دەکرێ بەوە هەسـت بە بەرپرسیاریەتی بکا لە پیشەکەیدا ڕاستگۆبێ و دوور لە لێگــرتنەوەی زانیــاری لە خــوێنەر و گــوێگر و بیــنەر ، یــا هەڵبژاردنــی هەواڵ و

ڕیپۆرتـــاژ و ڕاپـــۆرتی دیـــکه به شـــێوەیەکی بژارکـــــراو (إنتقـــائی) و بـــــایەخ نەدان به زنجیـرەی گرینـگ و گرینگتـر و گرینگتـرین ، له هەڵبـژاردن و بڵاوکـردنەوەی هەواڵـدا که ڕۆڵی کۆڵەگەی ئەساسی دەبینێ ، بەتایبەتی میدیای ڕۆژانه.

ئەمەی دەگـوترێ له قـاوخی (خوانەخواسـته) ئامۆژگاریـــــــدا نیــــــیه ، بەقەد ئەوەی له ئەزموونێکی ناقابیلەوه سەرچاوەی گرتووە.

هەر لێرەشـــەوه مـــۆڕکی ڕۆژنامەنووســـی کـــــارا و عاشـــــق به پیشــــەکەی ، لەگەڵ ڕۆژنامەنووســانی ڕێبـــوار و بەرِیــکەر لێـک هەڵـــــداوێردرێن ، بەتـــــایبەتی له کـــــاته هەســــــتیارەکاندا که هەڵســــــوکەوتەکان له شـەوانی بێداری و ئێشـکگریی بـۆ هەواڵێکـی چەنــــد دێـــــری ، وەک ڕۆژی ڕوونـــــاک دەردەکەون .

# ئاماژەیەک بۆ میدیای حزبی
# لە کوردستاندا

سـەیرایەتی هەڵوەسـتە وەرگـرتن لە هێنـانەوەی باسـی میـدیای حزبـی لەوەدایە وەک بڵێـی بکەویـنە بەرابەر دێـوەزمەیەک ، لەکاتێکـدا خـودی ئەو میـدیایەی خـۆی بە (ئەهلی) یا (بێلایەن) ناساندووە لە بنەڕەتدا لە منداڵـدانی ئەو میـدیایەدا هـاتووە کە سـەردەمێکی دوور و درێـژ سـەنگ و قورسـایی پێکهێنـانی ڕای گشـتی لە ئەسـتۆدا بـووە ، مەبەسـتم ئەو سـەردەمانەیە کە ململانێـی سیاسـی و قەومـایەتی و تەنـانەت

چینـایەتیش لە کـۆڵی ئەو میـدیایەدا بـووە کە بە (میدیای حزبی) دەناسین .

بـۆ کـورد ئەو میـدیایەی هەیبـووە بـارەکە قورسـتریش بـووە ، هەم لە سـەنگەری بەرەنگاری دەسەڵاتە سـەرکوتکارەکان بـووە ، هەمـیش هـۆیەک بـووە لەڕاگرتنـی باڵانسـی زمان و کولتـوورەکەی و گەشـەی ئەدەبیاتی ... ئەوی ڕاستیشـە و دەخـوازێ نەوەی نـوێی لـێ حـاڵی بـێ ، میـدیای کـوردی هەر لەدەسـپێکەوە بـاوەکو لەسـەر دەسـتی (ئەنتلێجستا)ی سیاسی کورد بوو بێ ، بەڵام لە پاشاندا لە ڕێگای حزبەکانەوە پێگەیشتووە .

ئەو پێگەیشـتنەیش ئەگەرچـی بە گـوێرەی هەل و مەرجـی زاتـی و بـابەتی لە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی دی جیـاواز بـووە ، بەوەی لەو نێوەنـدەدا ، لە لایەک بـارودۆخی سیاسـی و لە لایەکـی دی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕەنگ و ڕووی میدیای حزبـی کـاڵ کـردبێتەوە ، بەڵام هەرگیـز بەو

مانـایە نەبـووە ، ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ لە هاوکێشـەکاندا پەڕاوێـز بـوو بـێ ، چـونکە تـا ئێسـتاش ڕۆڵ و کـاریگەری خـۆی لە دەسـت نەداوە بەهەنـد وەرنەگیـرێ ، ئەمەش دیـارە ئەوەی وەک ئەلتەرنـــاتیف خـــۆی نمـــایش کـــردووە ، لە گەلێـــک ڕووەوە ، وێنەیەکـــی پرۆفیشـناڵی پیشـەیی دوور لە دەمـارگیری و بێمنەتـی لە خاوەنـدارییەتی و سپۆنسـەرایەتی پیشان بدا....

پێـــت ســـەیر نەبـــێ (نـــاڵێم هەمـــووی) بەڵام ئێســـتاش لەو لایەنـــانەوە میـــدیای حزبـــی ڕووبەدەرتر و زیاتر جێی متمانەیە ، هەرچی نەبـێ خـوێنەر و بینـەر و گـوێگر دەزانـن کە ئەو ڕۆژنامە یا کەناڵی تەلەفزیۆنە یاخود ئەو ڕادیـــۆ و ســـایتە لە کوێـــوە هـــاتووە و بەچ ئاراسـتەیەکە ، ئینجـا هـی هەر حزبێـک بـێ ، هەرچەنـــدە مـــن بەخـــۆم وای دەبیـــنم کە دەبـــووایە تـــا ئێســـتا ئەو میـــدیایەش واتە (میـدیای حزبـی) گەیشـتبووایە ئەوەی ببێـتە

(میـدیای پێکهـاته) ، مەبەستیشـم ئەوەیە هەر کەناڵێــک بــێ ئەوەی ناســنامەی ئاشــکرای لەسەر بێ کە زمانحاڵی فڵانە حزبە یـان فـڵان لایەن ، لەخۆیدا لە ڕێگای بایەخدانی ڕۆژانەی بەو بیروبۆچـــوون و بڵاوکـــردنەوەی ئەو هەواڵ و ڕاپـــۆرت و بەدواداچوونـــانەوە بناسـرابووایەوە ، دیـارە کە لە میـدیای حزبـی کوردیـدا ئەمە نەبـووە بەڵکـو لەو ململانـێ سیاسیە سـەقەت و کورتبینـانەوە سـەرچاوەی گرتـووە ، بە نمـوونە ناسـیونالیزم و چەپ و ڕاسـتڕەو وچەپی ناوەڕاسـت و دیمـوکرات و سوشـیال دیمــوکرات ســنورەکانیان تــێکەڵ تێکەڵ کراوە و سیمایان ناناسرێتەوە .

هەر لێرەشــدا میــدیای حزبــی بەتــایبەتیش دوای ڕاپەڕیـــن بە چەنـــد ســـاڵێک ، ئەو ڕەونەقەی جـــارانی نەمـــا کە مینـــبەری داکۆکیکـاری ئەو سیاسـەتە ڕاگەیـانراوانە بـێ حـزب بانگەشـەی بـۆ دەکـرد ، کـار گەیشـتە

ئەوەی تەنـــانەت لە نـــاو خـــودی حـــزبیش ئەوەنـــدەی بـــایەخ بەو کەســـایەتی یـــان ئەم دەدرێ بەوەی دی نـــادرێ کە زۆرجـــاران بەرپرسی لاپەڕە یا هەواڵ ڕەنگە بە مەبەست ئەمە بکا ، دەنا لە ڕووی پرۆتۆکۆلییەوە من وەکو ڕای خۆم لاریی تیا نابینم لە میدیای حزبیدا دەنگ و باسی ئەندامانی ئەو حزبە بڵاوبکـــرێتەوە ، بە مەرجێـــک ئەوەی بـــڵاو دەکرێتەوە بهێنێ و هەواڵ بێ .

بێگومـان میـدیای حـزبیش لە وڵاتـێکەوە بـۆ وڵاتێکـــی دی دەگـــۆڕێ ، بە پێـــی چەشـــنی سیســـتەمی سیاســـی و ئاســـتی پێشـــکەوتنی کـۆمەڵ و ڕوانینـی ئەو حـزبە بـۆ فەلسـەفەی گەشـە و گۆڕانکاریەکـان و شـوێنی ئەو حـزبە لە خاوەنداریەتی پرۆسـەی سیاسیدا ، چونکە ئەگەر ئەو حـزبە لە دەسـەڵاتدا بـێ میـدیای جیـــاواز دەبـــێ لەگەڵ میـــدیای حزبێـــک ئۆپۆزیســـۆن بـــێ ، یـــاخود هەر بەدوایـــی لە

دەرەوەی کۆی پرۆسەکەدا بێ ، بە نموونە لە هەندێک وڵاتدا دەشێ بە پێی قانوونە کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتە حزب هەبێت بەهەر هۆیەک هەیە ، مۆڵەتی پێ نەدرێ ، لەو جۆرە حاڵەتانەدا میدیاکەیشی لە ڕووی ئاراستەکردنی ڕای گشتی و هونەری چاپکردن و جوغرافیای بڵاوبوونەوە و ئیمکانیاتی وادەی بڵاوکردنەوە و تیراژوە سنووردار دەبێ[24] ، ئەگەر نموونەیشت ویست هەر ئەم حزبانەی خۆمان کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ناو پرۆسەی سیاسیدان ، لەکاتێکدا لە ژێر حوکمی حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراقدا ، لەو کاتانەدا کە کارکردنی بە ئاشکرایان لێ قەدەغە بوو ، تاکە هۆی ڕۆژانەی پەیوەندی میدیاییان ڕادیۆ بوو ، وەکی دی بڵاوکراوەکانیان هەندێ جار بە مانگ بەڵکو زیاتریش دوای دەرچوونی نەدەگەیشتە دەستی خەڵک ، دیارە ئەویش بە نهێنی .

بەڵام دیـــاردەیەک لە میـــدیای حزبیـــدا کە دەمـــێکە دەرکەوتـــووە ، بەتـــایبەتیش پـــاش (ڕاپەڕین) و دەرکەوتنی ئەوەی بە (میـدیای ئەهلـــی) ناســـراوە و کە لە ڕاستیشـــدا ئەو میـــدیایەش لە کوردســـتان جیـــاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ میـــدیای حزبیـــدا نیـــیە ، بەوەی میـــدیای حزبـــی بە ئاشـــکرا حـــزب سەرپەرشتی دەکا و خەرجیەکانی لە ئەستۆ دەگرێ ، ئەوەی خۆیشی بە میـدیای ئەهلی ناســــــاندووە ، بە هەر شـــــێوەیەک هەیە ڕاستەوخۆ یـا ناڕاستەوخۆ لە ژێـر ئاراستەی سپۆنسەرەکانیدایە و باوەڕ ناکەم هیچ یەکێک لەو کەنـاڵانە کە وتمـان بە (ئەهلـی) خۆیـان ناســــــاندووە بتـــــــوانن لە ڕێنمـــــــایی باروبووکەرەکانییان لا بدەن ، ئەوەنـدە هەیە هەندێ لەو کەناڵانە ، زیاتر بە هۆی نوانـدنی جۆرێـــک لە پیشـــەییایەتی لە کارکردنـــدا و هەنـدێ جـار بەرنـامەی جیـاواز کە پێشـتر و (تـاڕادەیەک) ئێســتاش لە میــدیای حزبیــدا

نییە ، توانیویانە سەرنجی بەرامبەر (خوێنەر، گوێگر، بینەر) بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، دەنا وای نابینم پیشەییایەتی هەر ئەوە بێ ، تەنێ چەند ڕایەکی جیا لە سەکۆیەک کۆبکەیەوە ، ئەو دیاردەیەش وەک لە پێشدا وتمان بە گشتی لە میدیای حزبیشدا کەم تا کورت دەرکەوتووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو میدیایەی لە پاڵیدان ، بە هەموو جۆرەکانییەوە ، هەنگاوی شایان و دیاری نەناوە ، لەڕووی تەکنیکیەوە بێ یاخود دابین کردنی ئاسۆیەکی کراوەتر کە شەقڵ و نیشانە و تایبەتایەتی سەردەمی نوێی پێوە دیار بێ .

## میدیای بێلایەن

مەبەسـت لە میـدیای بـێلایەن و لایەنـدار ، لێـرەدا هەر ئەوەنیـیە میـدیایەک سـەر بە حزبێکی یا لایەنێکی دیاریکراو نەبوو بێلایەنە...

داخـــۆ لای ئـــێمە بێلایەنـــی چـــۆن خوێندراوەتەوە؟

وەکـو ڕای خـۆم کە لە زۆر جێـی دیکەشـدا گوتومە ، وای نابینم لە سەرانسـەری جیهانـدا کەنـاڵێکی میـدیای بەو مانـایەی هەنـدێ بەو سـادەییە دەیبیـنن بـێلایەن هەبـێ ؛ هەر کەنـاڵێکی میـدیایی دەگـری لە (لایەن)ێـکەوە بـاروبوو یـا بە ئیسـتیلاحی ئێسـتا سـەپۆرت یـا

سپۆنســـەر دەکـــرێ  بە هەر و بـــۆ هەر مەبەستێک بێ ، ئینجا ئەو (لایەن)ـە حزبێک یا کۆمپانیایەکی بازرگانی (گەورە یا بچووک) یـا سـەرمایەدارێک یـا هەنـدێ جـار ئـابووری یاخود دەوڵەتێک یا دەزگایەکی دیاریکراو لە دەوڵەتێکی دیاریکراو (ناوخۆ یا دەرەوە) یان گرووپێک ، یان ڕەنگە دەزگایەکی هەواڵگری یا کەسایەتیەکی ناسراو و ناوداری دیاریکراو یـــان هەر خـــودی دەوڵەت بە بیـــانووی بەرژەوەندی گشتی و....تاد.

بەم جۆرەش بێت مومکین نییە میدیا ، (هەر کەناڵێکی میدیا ) بتوانێت لەو هێڵە لابدات کە لە لایەن سپۆنســـەرەکەیەوە بـــۆی دیـــاری دەکرێ.

ڕاسـتە هەنـدێ لە میـدیاکانی دونیـا لە ڕووی کـــارکردن و پیشـــەییایەتی و بابەتـــایەتی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕووداوەکانـدا لە پێش هەنـــــدەکەی دی دایە ، ئەمەش زیـــــاتر پەیوەســـتە بە ئاســـتی پێشـــکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەی پەیامەکەی ئاراستە دەکرێ...

وەرە بە نمـوونە کەنـاڵێکی ئاسـمانی وەک CNN وەرگـــرە ، ئەو کەنـــاڵە بەحســـاب (ســەربەخۆ)یە و خـاوەنی خـۆی هەیە ، بەڵام دیســان بە بیـانووی بەرژەوەنـدی ئاسایشــی نەتەوەیـــی تەنـــانەت لە وڵاتێکـــی وەک ئەمریکـــایش ، ڕێـــگەی نەدرا وەک خـــۆی دەیویســـت ڕووداوەکـــانی 11 ســـێپتێمبەر بڵاوبکـــاتەوە ، بە تـــایبەتی لە پێشـــاندانی قوربانییەکاندا ، ئەمەش لەخۆیدا ئاستەنگێکی دی لا بەلایە لەو ڕێگـایەی (ســەربەخۆیی) و (بێلایەنـــی) و ئیـــدیعای لەو بـــابەتەی پـــێ دەسەلمێنرێ .

یان کەناڵێکی وەک ( الجزیرة) کە ماوەیەکی زۆر بینەرگەلێکـی لەڕادەبەدەری بـۆ خـۆی ڕاکێشـابوو بەڵام لای وردبـین و شـارەزایان هەر زوو دەرکەوت ، کەنـــاڵێکی لایەنـــداری ئاراستەکراوە و هەرچی بڵاوی دەکاتەوە بە پێشـینە و نەخشـە بـۆ داڕێـژراوە ، هەرچـی دەیخـاتەڕوو ڕاسـتە ڕەنـگە بـۆ مـاوەیەک

تینـوویەتی بینەرانـی شـکاندبێ ، بەڵام ڕۆژێ نەمانـدی بەقەد تـاڵە مـوویەک بە نەرێنـی باسـی بـاروبووکەرانی بکـا کە دەوڵەتـی قەتەرە ، لەکاتێکـدا هەردەم سـەری شاشـە و بنـی شاشـەیان ئـۆممەتی عـارەبی و دژی ئیسـرائیل بـووە ، ڕۆژێ نەمانـدی باسـی پەیوەندی دۆستانەی قەتەر و ئیسـرائیل بکا ، یـا باسـی ئەو بـنکە سـەربازییە گەورەیەی ئەمریکـا لە (قەتەر) بکـا کە ئەوان لە (الجزیـرة)دا بە ئیمپڕیـالیزم دەیناسـێنن ، یـا هەواڵێـک بڵاوبکـاتەوە ، وا کەوتبێـتەوە دژ بە قەتەر بـوو بێـت ، بێگومـان نـاتوانێ ، بە هۆیەکی زۆر سادە ، ئەویش چونکە کەناڵەکە دامەزراوی ئەو وڵاتەیە و بەشـێکە لە ئاراسـتەکراوێکی نەخشـە بـۆ کێشـراوی ڕای گشتی باوەکو لە هەنـدێ لە بەرنامەکانیشـدا بە کـۆکردنەوەی دژەکـان (کە زۆربەی جارانیش بەتەکبیر بووە) ئیـدیعای بێلایەنـی و بابەتایەتی کردبێ[25].

تەنـانەت خـودی ویلایەتـە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا ، پاش شەڕی کەنداو چەندان کەناڵی ئاراستەکراوی ڕاگەیاندنی تایبەتی بۆ هەمان مەبەسـت دامەزرانـد ، وەکـو چـۆن دوای جەنگی جیهانیش هەمان شتی کردبوو ، ئەو دەمەی میـدیایەکی بەتـایبەت ئاراسـتەکراوی ڕووەو ئەورووپای ئەوسا وەگەڕخستبوو .

نموونەی دیکەش زۆرن ، بینەر و خوێنەر و گـوێگری وردبـین هەر زوو دەزانـێ فـڵانە کەناڵیTV یا ڕۆژنامە یاخود ڕادیـۆ یا سایتی ئەنتەرنێـت بـۆ کـێ و بـۆچی و بە چ مەبەسـتێک کـار دەکەن ، چـوون بە ئاشـکرا ئەوەی تێـدا دەبینـنەوە کە چـۆن هەواڵ و ڕیپۆرتـاژ و ڕاپـۆرتە هەواڵەکانیـان هەڵـدەبژێرن و بە چ ئاراسـتە و لە چ وەخت و بە چ مەبەستێک بڵاویان دەکەنەوە.

بەم شـێوەیە هەر کەنـاڵێکی میـدیایی ئەو سیاسـەتە پەیـڕەو دەکـا لە (لایەن) ئەو لایەنەوە بـۆی کێشـراوە بـاربووی دەکـا و

خەرجیەکانی لە ئەستۆ دەگرێ و سپۆنسەر بۆ بەرنامەکانی و ڕیکلامی پێویستی بۆ پەیدا دەکا و ڕێگای دەستخستنی هەواڵی لە کاتێکی پێوانەییدا بۆ ئاسان دەکا یان هەندێ جار هەر خۆی دەبێتە سەرچاوەی هەندێ لە هەواڵەکانی ، بەتایبەتی ئەو هەواڵانەی دەستخستنیان ئاسان نییە ، نەمازە لە وڵاتانی دواکەوتوودا ، کە قانوون دەورێکی لەو چەشنەی تێدا ناگێڕێ .

ئەمەش وەکو (ئاوت لاین) لە هەموو جیهاندا وایە ، لەگەڵ تێبینی ئەوەی لە پێشدا ئاماژەمان پێدا ، بە پێی ئاستی فەرهەنگیی کۆمەڵ و هەروەها ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کاری تێدا دەکەن و عاقڵ پێ شکانی خودی سپۆنسەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی دی بە گوێرەی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەوە دەگۆڕێ ، دەنا لە شێوە گشتیەکەیدا خاڵی هاوبەش لە ڕووی

ئاراســتەکردن و تەیــارکردنی ڕای گشــتی ، میــدیای هەمــوو جیهــان بە هەمــان ڕەوتــدا دەڕوا ، هەموویان سنووری تایبەت بە خۆیان هەیە ، هەمــوویـــــان کە هەواڵ و ڕیپۆرتـــــاژ بـــــڵاودەکەنەوە بەو ڕێڕەوەیـــــدا بـــــڵاوی دەکەنەوە لە بەرژەوەنـــدی بـــاروبووکەردا دەبـــێ ، ئینجـــا تـــا چەنـــد لە ڕاســـتی و بابەتـایەتیەوە نـزیکە وا پـێ نـاچێ بە گرفـت خوێنـدرابێتەوە ، لەو ڕاسـتەڕا ئیتـر میـدیای حزبیش ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت ، ئیتر وای لێ هات هەر لایەنێک لە فەلەکی خۆیدا بخولێتەوە ، گەیشتە ئەوەی تەخوین کردن و یەکتــر شــکاندن بــوو بە ســیمای میــدیای کوردی ئەوان ڕۆژان...

تــا ئێــرە و تــا دوای وەســتانی شــەڕیش ، مـــــاوەیەکی زۆر میـــــدیا هەر ئەوە بـــــوو حزبەکـان بەڕێوەیـان دەبـرد ، پاشـان دوای مـــــاوەیەک ڕۆژنـــــامەی (هـــــاوڵاتی) وەک ڕۆژنـــامەیەکی (ســـەربەخۆ) و دوا بەدوای

ئەویش چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە و چەند کەناڵێکی ناوخۆیی خۆیان (بە ئیستیلاحی خۆیان) بە (ئەهلی) ناساند کە ئێستاش تێنەگەیشتم مەبەستیان لە (ئەهلی)دا چییە ، وەک لەپێشدا ئاماژەم پێداوە ، ئەگەر مەبەستیان (جەماوەر) یان (خەڵک)ە، میدیای حزبیش (ئەهالی) و (جەماوەر) و (خەڵک)ی خۆیانیان هەبووە و هەیە ، خۆ ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە (سەربەخۆ)ن ، لەسەر ئەو (خۆ)یە پرسیار دێتە پێشەوە ، داخۆ ئەو (خۆ)یە لە ڕووی ئیشکالیەتی زمانەوە چی دەگەیێنێ؟ ئەو (خۆ)یە کێیە؟ کەس نێرکە کاردی نییە لەخۆوە هەڵتۆقی بێ ، هەڵسوڕاندنی کەناڵێکی میدیایش تێچوو و کادر و خەرجی دەوێ.... لەو باوەڕەشدا نیم بەتایبەتی بۆ ئەوان ڕۆژان وەبەرهێنەرێکی وامان هەبووبێ عاقڵی بەوە شکابێ ، یاخود دڵی هاتبێ سەرمایەی خۆی لە پڕۆژەی میدیادا بخاتە مەترسییەوە ،

دیســان خەیــاڵ لەوە زیــاتر نــاڕوا حزبەکــان بــووبن بە شــێوەیەک لە شــێوەکان پشــتگیری ئەو کەناڵانەیان کردبێ بەکەش و هەوایەکی وڵاتــر لەوەی لە میــدیای حزبیــدا پەیــڕەو دەکــرا... ئاکــام کەنــاڵ لەبەرابەر کەنــاڵ تــا ئەوەی لە (ئەهلـــــی) و (بێلایەن)ـــــەوە میــدیایەک پەیــدا بــوو بە (میــدیای ســێبەر) ناســرا ، ئەمەش پــێم وا نیــیە لە واقیعــی ئەو میدیایە بە دوور بوو بێ .

مەسەلەکە لەوەش پەڕییەوە و وای لێ هات خــوێنەر و گــوێگر و بینــەری ئاسایش دەرک بەوە بکات فلانە ڕۆژنامە یا گۆڤار یا ڕادیۆ یا کەنــاڵی تەلەفزیــۆن لە چ لایەکەوە پاڵپشــتی دەکــرێ ، تەنــانەت پەیــداکردنی ڕیکــلام و ســـپۆنسەریش بــۆ بەرنامەکانیــان هەر بە هەوڵ و کۆششـــــی ئەوانەوە بـــــووە کە لە ئەساسدا باروبووی کەناڵەکە دەکەن...

لێــرەدا جــارێکی دی دەخــوازێ ئەوە وەبیــر بێنیــنەوە ئەســتەمە لە سەرانســەری جیهانــدا

کەنـاڵێکی میـدیایی هەبـێ بە مانـای وشـە (بـێلایەن) ، مـن بەخـۆم بێلایەنـی بەخەون دەبیـــنم ، خەونێکـــی خۆشـــە ، ڕەنـــگە ڕۆژنامەنووس هەبن خـۆزگەی بـۆ بخـوازن ، بەڵام خەونە ، واقیعـی حـاڵ شـتێکی دیـکەیە ، بەڵـــێ ڕاســـتە لە ئاکـــامی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیـــا و ئەوەی لەبـــازنەی سۆشـــیال میـدیا و سـایتە ئەلکترۆنییەکـان و پێگەیشـتنی بەرەیەک ڕۆژنـامەنووس میـدیای کـوردی بردە بوارێکی دی ، بەڵام نیشانە بەو سیما و ئادگـارانەی باسـمان کـردن وای نـابینم هـیچ لەو کەناڵانەی ئەمڕۆیش لە کارن ، بەتـایبەتی ئەوانەی خۆیان بە (ئەهلـی) و (سـەربەخۆ) و (بێلایەن) ناساندووە وا بن ...

لێرەش سایلی هەموو دونیا کەناڵی میدیا یان حزبێـک یـا سـەرمایەدارێک ، کۆمپانیـایەک ، دەزگـــایەکی دەوڵەتـــی یـــاخود لایەنێکـــی هەواڵگری یا هەنـدێ جار ڕەنگە بازرگانێکی عادەتی باروبووی دەکا ، ئێ خۆ ماقووڵیش

نیـیە هەریەک لەو لایەنـانە پـووڵ و پـارەی خۆیــان لە (هــیچ)دا خەرج بــکەن ، ئەگەر پێشــت وا بــێ بــۆ خزمەتــی فەرهەنــگ و میــدیای کــوردیە ، ڕەنــگە دەوڵەت وەک بەرپرسـیاریەتی ئەوەی لەسـەر بـێ و لێشـی بوەشێتەوە کە ئەویش دووجار بەلای خۆیدا دەشــکێتەوە ، دەنــا لایەنەکــانی دی ئەگەر خێرێکی لێ نەبینن ئاسان نییە خاوەندارییەتی بکەن ، تەنانەت ئەمە وەک دەبینین باڵی بۆ میدیای کولتووری و وەرزشیش کێشاوە...

بەڵام لێـرەدا ناشـبێ ئەوە نـەبینرێ ، هەمـوو ئەو کەنـاڵانە ، حزبیەکـانی لـێ بتـرازێ کە بە ڕاشـکاوی خۆیـان ساغ کـردووەتەوە ، دەڵـێم هەمــوو ئەو کەنــاڵانە ، بەو ســتایلەیان کە تــــاڕادەیەک جۆرێــــک لە پیشــــەییایەتی و بابەتایەتی و خێرای لە گەیاندن لە هەندێ لە کارەکانییـان هەوڵ دەدەن پەیـڕەوی بـکەن ، لـێ لەو سـەرەوە لە بیریـان دەچێتەوە کە لە

توانایانــدا نیــیە ئەو ســنوور و کەوشــەنانە بیەزێــنن بۆیــان دیــاری کــراوە ، مەگەر لە هەندێ وتار و ڕپپۆرتاژی ئاسایدا ، سەرەڕای ئەوەش ئەو چەشـــنە کەنـــاڵانە (کە دەڵــێم کەنــاڵ مەبەسـتم لەهەمــوو جۆرەکـانییەتی) زۆرجــار لە ڕێــی بڵاوکــردنەوەی هەنــدێ بابەتی وروژێنەرەوە خوێنەر و گوێگر و بینەر بـۆ خۆیـان پەیـدا دەکەن ، یـاخود بە هـۆی هەندێ هەواڵی تایبەتیەوە کە لە بنەڕەتدا بە کـــــاریگەریی و هەوڵ و پەیوەنـــــدیەکانی باروبووکـــــارەوە دەســـــتیان دەکەوێ بە مەبەست و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو . ڕەنگە بیرکــردنەوەی هەنــدێ ڕۆژنــامەنووس لە ئەساسدا بەو ئاراستەیە نەبـووبێ کە کـار لە کەنـاڵێکی لەو جـۆرە دەکـا ، بەڵام دواجـار کە ڕێچـکەی خـۆی وەردەگـرێ ، بـێ ئاگـا ، یـان ئاگادار یا لە ناچاری بەو ڕەنگە دەشکێتەوە .

بێگومان سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەگوترێ (میدیای سێبەر) کە هەمیشە خۆی بەسەربەخۆ و بێلایەن دەناسێنێ زادەی ئەو کاودانەیە ، چوون وەک (چەندایەتی) لە کوردستاندا بڵاوبووەوە و گەیشتە ئەوەی ببێ بە سەرچاوەی بژێوی زۆر کەس کە لەوانەیە هەندێکیان ئەزموونێکی وایشیان لەکاری میدیایدا نەبێ!!.

# ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری کورد
# لەنێوان خوێندنی ئەکادیمی و
# بەهرە و شارەزایی تاقیکراوەدا

ڕۆژنـــامەنووس و میـــدیاکاری ســـەرکەوتوو دەخـــــوازێ ڕۆشـــــنبیری و بەهـــــرەی هەمە لایەنەی هەبـــێ ، ئەمە هەمیشـــە لە پەســـن کـــردن و نەکردنـــی لەبەرچـــاو دەگیـــرێ ، بە واتایەکی دی بەهرە و شارەزایی تاقیکراوە لە پێش خوێندنی ئەکادیمیدا دێ .

لە مێــــژووی ڕۆژنــــامەگەریی و میـــدیای کوردیـدا هەمیشـە وا کەوتـووەتەوە ئەوانەی مــاکینەی میـــدیایان بەگەڕخســتووە ئەوانە بـوون کە حەز و ئـارەزوو و بەهرەیـان تێـدا بـــووە ، کەم وا ڕێککەوتـــووە بەتـــایبەتیش لەدەسپێکی ئەوەی بە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەناسـرێ ، لەو بـوارەدا خـاوەنی بڕوانـامەی ئەکــادیمیی بـــووبن ، تەنـــانەت زۆرجـــار دەرچوویەکی بەشی ڕاگەیانـدن بە هـۆی بێ بەهرەیـی وا ڕێـک کەوتـووە کـاری دیـکەی کردووە .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناکاتە ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی بەهەنـد وەرنەگیرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تێیانـــدا بـــووە کـــار لە بـــواری ڕاگـەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا بکەن ، چونکە خوێنـــدنی ئەکـــادیمی دیـــارە دەبێـــتە ڕێ ڕوونییەکـی دی بـۆ کـاری ڕۆژنـامەنووس و هـۆیەک بـۆ داهێنـان و وروژانـدنی بەهـرە شاراوەکانی .

خوێندنی ئەکادیمی مشت ومـاڵی ئەو حەز و ئـارەزوو و بەهـرەیە دەکـا ڕۆژنـامەنووس و میدیاکاری ڕاکێشاوەتە ئەو مەیدانە .

مەســــەلەکە بەداخەوە لای ئـــێمە لەڕووی چەنـدایەتییەوە ڕەنـگە زۆرجـار بەپـێچەوانە کەوتبێتەوە ، بەتایبەتی لەم یەک دوو دەیەی دووایـــــدا ، ئەوەی لە ڕێـــــی خوێنــــــدنی ئەکـادیمیەوە ڕاسـتەوخۆ دەسـبەکار دەبـێ ، ســــەیر دەکەی ئەو بەهـــــرە و شــــارەزاییە تاقیکراوەیەی نییە ، لە هەمـان کـات ددانیش بەوەدا نانێنێ لای شارەزایەک ڕێنوینی بکرێ ، لەبەرابەریشدا شارەزایانی ئەو بوارە بە هۆی ئەزمـــوونی چەنـــدان ســـاڵەیان ، ئەوانـــیش بەرامـبەر بەتـازە دەسـت پـێ کـردووان و نەشارەزایانی کاری ڕۆژانە و خۆهەڵواسی بە زانیـاری تیـۆری کــە ڕەنـگە زۆرجـار لەگەڵ هەل و مەرج و ئاراستەی ئەم کەنـاڵ یـا ئەو کەناڵ یەکیان نەگرتبێتەوە نەهاتبنەوە.

لەو ڕاستەشـدا نە کـادیرە ئەکـادیمیە تـازە دەست پێکردووەکە هەوڵی فێربوون دەدا ، ئەزموونـدارەکانیش لەو سـەرەوە پلانەکانیـان لـێ تێـک دەچـێ ، بەمەش زەرەرمەنـدی سـەرەکی خـودی کەنـاڵەکە دەبـێ ، ئینجـا ڕۆژنـامە یـا ڕادیـۆ یـا تەلەفزیـۆن یـاخود سایتێکی ئەلکترۆنی بێ .

ڕۆژنـامەگەریی کـوردی تـا ئێسـتاش لەو جـوغزەدایە و ئەگەر ڕۆژنامەنووسـی بەرپرسیاری تێیدا نەبێ بڕیاری بوێرانە لە بەرژەوەنـدی کەنـاڵەکە و سیاسـەتە پەیڕەوکراوەکانی بدا... چونکە نووسین با لە ڕۆژنامەشدا بێ هەرگیز بارێک نییە بە چەند وشـەیەکی ئینشـائی بـێ نـاوەرۆکی دوور لە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و پێشبینیکراو پێک بێ .

بەڕوویەکی دی ناشێ شارەزایانی ئەو بوارە خوێندنی ئەکادیمی نەخوێننەوە و حساب بۆ کـادیرانی تـازە دەسـتبەکار بـوو نەکەن ، کە

پـــێم وایه له حـــاڵەتی هەنـــدێ کەنـــاڵی تایبەتمەنـــــدی وەک بـــــواری پەروەردە و تەندروســـتی و کشـــتوکاڵ و پیشەســـازی و کولتـــووری (ئەگەر ئێســـتاش جێـــی بـــاس نەبـــووبن)، بەڵام ئەمـــانە و هـــی دیـــش پێویستن و ڕۆژێ دەبێ خەمیان لێ بخورێ .

دەڵـێم له حـاڵەتی ئەو کەنـاڵەدا دەخـوازێ ئەوانەی کـار لەو چەشـنە کەنـاڵانەدا دەکەن سـەرەڕای شـارەزاییان له کـاری میـدیایی پێویســـته لەو بوارانەشـــدا شـــارەزایی و ئەزمـوونی پێویسـتیان هەبـێ. کەواته هـیچ تایبەتمەنـــدییەک له کـــاری میدیایـــدا له دەرەوەی داهێنـان و شـارەزایی له بـواری کولتووردا نییە.

هەر لێـــرەدا تەماشـــا دەکەیـــن لێـــک ڕاستبوونەوەیەک له نێوان خوێندکارانی ئەو بـواره ، که دەیەوێ تەنیـا به هێـزی تیـۆری دوور له ئەزموون و کارکردنی کارا شوێنێ بگـرێ شـایانی نییـە لەبەرابەر ئەزموونـدار و

شارەزایاندا کە بەکردار تەمەنێکیان لەو تێدا بەسەربردووە .

ئەمەش بەئاشـــکرا لە ڕووپەڕی ڕۆژنـــامە و سایت و ڕادیۆ و شاشەی تیڤیەکانەوە هەستی پێ دەکرێ و بەمەش وردە وردە کەناڵەکە ڕوو لەپاشەکشـــە دەکـــا و توانـــای خـــۆ نوێکردنەوەی نامێنێ نەخاسمە ئەگەر کادیرە تـــازە دەســـت پـــێ کردووەکـــان بە هـــۆی بڕوانامەکانیانەوە بێ یا هەر هـۆیەکی دیکە ببن بە کارمەندی کارای ئەو کەناڵانە .

# هەواڵ لە میدیای کوردیدا
# چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ
# لە وەختی شەڕ و قەیرانەکاندا

نامەوێ لێرەدا جارێکی دی بچمەوە سەر ئەو سـیفەت و پرسـیارانەی هەواڵ (هەر هەواڵێک)ی لەسەر هەڵدەنرێ وەک (کێ) و (چـی) و (کەی)و (لەکـوێ) و (بـۆ) و (بۆچی).... ئەگەرچی من خۆم وای دەبینم لەگەڵ بەهەند گرتنی ئەو پرسیارانەشدا لە

هەواڵــدا بەڵام لــە بــاری ئەو پێشــکەوتنەی میــدیا و تەکنەلۆژیــای گەیانــدن بەخــۆیەوەی دیــوە ، بڵاوکــردنەوەی هەواڵ ڕەهەنــدێکی دیـــــــکەی وەرگرتــــــــووە ، بەڕادەیەک پرســـیارەکانی ســـەرەوەی ڕۆژنـــامەگەریی ســپاردووە کــاتێ میــدیا لە میــدیای کــاغەز (نووســراو) و درەنگتــریش (بیســتراو) زیــاتر لەمەیداندا نەبوون .

ئەوێ ڕۆژێ میــدیا هەم پەیــام بــوو ، هەم بەرپرســـــــــیارییەتی و تـــــــاڕادەیەکی نکــۆڵیلێنەکراویش ڕاســـتبێژی بەتــایبەتی لە هەنــدێ کەنــاڵی بەناوبــانگی وەک( ڕادیــۆی BBCی ئەوسا) کە حسابیان بۆ ناو وناوبــانگی خۆیان دەکرد و ڕێزی گوێگریان دەگرت....

میــدیای کــوردی وەک لە پێشــدا ئاماژەمــان پێـــــدا لە ئەساســــدا لە ڕۆژنــــامەگەریی نووســـراوەوە دەســـتی پێکـــردوە ، پاشـــان هەوڵەکــانی ڕۆژنــامەگەریی (بیستراو)یشــی هاتۆتەســەر هەردوو جــۆریش بە هەژاری و

یـا لەسـەر دەسـتی ڕۆشـنبیر و نووسـەرانی بـووە ، کە لە هەمـان کاتـدا بایەخیشـیان بە سیاسەت داوە ، لەوەی دەهاتەوە ناو خەباتی قەومـایەتی یـا چینـایەتی ، یـان سیاسـیەکان بـوون ، ئەوانەی چ بە سـەربەخۆ هەڵگـری بیـرو بۆچوونێـک بـوون یـا لە ڕیـزی حزبێکـی سیاسیدا بوون...

ئەو کەنـاڵانەش وەک وتمـان هەژاربـوون و مانگـانە یـا ناوەنـاوە ، یـا زۆر زۆر هەفتـانە بوون بەوانەیشەوە کە دەزگا پەیوەندارەکانی ئەو حکوومەتـانە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بە کـــوردی بڵاویـــان کـــردوونەتەوە. تـــۆ هەرئەوەندە بێنە بەرچاو ، ساڵی 1974 بیـر لەوە کـــــراوەتەوە ڕۆژنـــــامەیەکی ڕۆژانە دەربچوێنـــدرێ ! کە زۆر درەنـــگ بـــوو.. بەهەرحاڵ لە هەواڵدا لەپێشترین سیفەت کـە خـۆی فەڕز دەکـا ، خێرایـی گەیانـدنە ئەگەر لەپاشـاندا باسـی چلۆنـایەتی هەواڵ بکەیـن ، ئەمـــەش دیـــارە بـــۆ ئەوســـا لە توانـــای حەفتنـامە و مانگنـامە و درەنگتـر نەبـووە کە

ئێستا تەنانەت بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانەش (ناڵێم ئەستەمە ، پێم وایە دەکرێ) بەڵام ئاسان نییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ دا ڕۆژنامە بتوانێ کێبەرکێ لەگەڵ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و سایتە ئەلکترۆنی و ئەوەی پێی دەگوترێ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکا. بەڵام با بزانین داخۆ دەنگوباسی (هەواڵ) بەگشتی حاڵی حازر لە میدیای کوردیدا چۆنە .

ئەمڕۆ میدیا بەگشتی ؛ بە میدیای کوردیشەوە لەگەڵ ڕیکلام و دەرهاوێشتە و نەخشە بۆ دانراوەکانی بوون بە دوو ڕووی یەک دراو ، هەندێ جار ئەگەر دراوەکە هەڵدەی زیاتر بەدیوی ڕیکلامدا دەکەوێ و دەچێتەوە ئەو خانەیە .. ڕیکلام کە ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵی نەک هەواڵ بەڵکو بەرنامەکانیش کراوە ، بەمەش بەناچاری بێ (ڕازی کردنی سپۆنسەر) یا هەر نیازێکی دی جگە لەوەی هەر کەناڵێک لە بەرژەوەندی ڕاکێشانی بینەر (کە من

لەگەڵ پـــارێز وەرگرتنمـــدا ئەوە بەمـــافێکی ڕەوا دەزانـــــم) بەڵام زۆرجـــــار دوور لە ڕەچـــاوکردنی لە بەرامـــبەر ئەوەی پێـــی دەگـــــوترێ ئاراســـــتەیەکی ســـــاغڵەم و بەرپرسیاری ڕای گشتی لەوەی نا چاوپۆشی لە بەرامـبەر هەڵەکـان بکـرێ بەڵکـو لەوەی ئینتیمـــا و خۆشەویســـتی خـــاک و وڵات و بەرژەوەنـــدیە ســـتراتیژییەکانی لەبەرچـــاو بگیرێ .

هەواڵ لەمیدیای کوردیدا لەچەند سەرێکەوە جێـی لەســـەر ڕاوەســـتانە ، لەلایەک کەم وا ڕێککەوتووە هەواڵ ڕای نەک هەر داڕێژەری هەواڵ بەڵکـو هەنـدێ جـار باربووکەریشـی پێـوە دیـار نەبێ بەتـایبەتیش لەو کەنـاڵانەی خۆیـان ، (بەئیستلاحی خۆیـان) بە (ئەهلـی) و (سەربەخۆ) و (بێلایەن) ناساندووە .

لەو سەریشـــەوە ســـەیر دەکەی ڕووپەڕی لاسایی کردنەوە لە داڕشتنی هەواڵێکی ناوخۆ یـان دەرەوە دەگـاتە ڕادەی کـۆپی کـردن

ئەمەش لە زۆربەی کەنـــاڵە (بیســـــتراو) و (بینراو)ـەکاندا هەستی پێ دەکرێ .

دیســـان دارشـــتنی هەواڵ زۆرجـــار مەرجە کلاسیکیەکەیشـی پێـوە دیـار نیـیە ، سـەرەرای ئەوەی پێشــینەی خــودی هەواڵەکەش دیــار نییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە .

من سەیرم بە هەندێ قسە دێت کە لەم لاو ئەو لادا دەکرێت بەوەی هەندێ پێیان وایە ، نەک هەر پێیان وایە ، بەڵکو بە فەتحی قەڵای خەیبەریشـی دەزانـن کە دەڵـێن ئـێمە جـاران هەواڵمان لە خەڵک وەردەگرت ئێستا خەڵک هەواڵ لە ئێمە وەردەگرێت .

جارێ تـا ئێسـتا ( مەگەر لە سایتەکان) گـوێم لـێ نەبـووە کەنـاڵێکی بـاوەرپێکراوی دونیـا یەکێــک لە کەنــاڵە کوردیەکــانی کــردبێتە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵێکـی خۆی ، ئەوە ناڵێم مەگەر ئەو کەناڵە بە زمانێکی زیندووی وەکو ئینگلیزی لە ماڵپەری تایبەت بە خۆیـان بڵاویان کردبێتەوە .

پاشان زۆرجار وەرگرتنی هەواڵ لە ئاژانسێکی بەناوبانــگ و خــاوەن متمــانە (بــۆ دەرەوە) ڕەنـــــگە خەرجـــــی کەمتـــــری بـــــوێ و بـــاوەڕپێکراوتریش بـــێ ، لەوەی لە تـــۆڕی پەیامنێرانیدا خەرجی دەکا کە زیاتر هەندێ جـار نەبـێ کە ئەویـش پەیوەنـدی بەخـودی هەواڵەکەوە هەیە ، دەنا وەرگرتنی هەواڵ لە ئاژانسـە متمـانە پێکراوەکـان ئەوەنـدە لەسـەر کەناڵەکە ناکەوێ . جگە لە هەموو ئەمانەش، ئەوانەی دەڵـێن ئێسـتا خەڵـک هەواڵ لە ئێمە وەردەگـرێ ، بـا گریمـان بەو جـۆرەش بـێ ، لەبیریان دەچێتەوە کە لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا کوردســتان دەمــێکە بــووە بە نــاوچەیەکی هەڵایســـــاو ، بەتـــــایبەتیش دوای هـــــاتنی مێردەزمەی (داعش) وەک دەبینین دونیای تەنیوەتەوە و پەلی بۆ ئەوروپا و ئەمریکـاش هاوێشتووە بەڕادەیەک لەبەرەنگاربوونەوەیدا خەریکـــن لە ڕووی ناچــــارییەوە کلتـــووری دیموکراسیشیان بخەنە ژێر پرسیارەوە .

سیمایەکی دیکەی میـدیای ئێمە کە خەریکە ڕەنگی پێوە دەگرێ ئەوەیە میدیای هەواڵ و بیـــــروڕا تـــێکەڵ کــــراوە یــــاخود لێــــک هەڵنەوێـــــــــردراوە ، لێرەشـــــــدا هەواڵ و دەرهاوێشـــتەکانی پاشـــتری لە ڕاپـــۆرت و ڕیپۆرتـاژ و شـرۆڤەی پەیوەنـدار لە میـدیای کـوردی دا بە قوربـانی نووسـینی جیاجیـا و هەنـدێ جـار ئینشـائیش کـراوە ، لە ڕووی (بـــایەخی هەواڵ)یشــــەوە ، دەبینـــــی هەر کەنـــاڵەو بەنەغــــمەی خـــۆی دەخـــوێنێ و بڵاودەکاتەوە کەناڵە حزبیە ڕەسمیەکانی لێ بتــرازێ کە ڕوانینــی خۆیــانی تێــدا ڕەنــگ دەداتەوە و باروبووکاریشی دیارە .

لەو ڕاستەدا سـەیر دەکەی هەواڵێـک ڕەنـگە زۆر بەلای خەڵکیشـــەوە گرینــگ بـــێ بەڵام کەناڵێکی دیاریکراو یان هەر بڵاوی ناکاتەوە ، یـا ئەگەر بڵاویشـی بکـاتەوە لە چوارچێـوەی ڕێنمـایی سـنوور بـۆ دانـراوی خـاوەنەکەی تێنـــاپەڕێ ، بەمەش نیـــوەی یـــا چـــاریەکی ڕاستینەی هەواڵەکەت پێدەگا .

پێچەوانەکەیشـی هەر ڕاسـتە ، هەواڵـی بـێ بایەخ هەیە ، کەناڵێکی دی زیاد لە سنووری خـۆی گرینگـی پـێ دەدا و تەنـانەت ئەگەر هەندێ ڕەگەزی ناڕاست یا هەڵبەستراویشی تێدا بێ !

جـار هەیە ڕەنـگە بە هەواڵـی کەناڵێـک (کە هەنـدێ جار نەخشـە بـۆ کێشراویشـە) ئەوەی پێـی دەگـوترێ ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی تێـک بچی ، یاخود بچێتە خانەی پاگەندە بۆکەسێک یا لایەنێک ، یاخود بە پێچەوانەوە لە پەسنی کەسێک یا لایەنێکدا بێ ..

وای دەبیـــــــنم بەتــــــایبەتیش لە ڕووی بڵاوکـردنەوەی هەواڵـدا هێشـتا زۆری مـاوە (میـدیای ئەهلـی ، سـەربەخۆ ، بێلایەن) لەنـاو دووکەوانەدا دەربهێنـرێن ، چـونکە میـدیای کــــــوردی مــــاویەتی بەتــــایبەتیش لە مـامەڵەکردنی لەگەڵ هەواڵـدا ، نەک هەر لە کـاتە ئاسـاییەکاندا بەڵکـو لە وەختـی شـەڕ و قەیرانیشــــدا بــێجگە لەوەی پیشــــەییایەتی

نەپاراسـتووە هەنـدێ جـار وەک بینیمـان و خوێندمانەوە لە وەختی شەڕ و قەیرانیشدا لە نەزانی بێ یاخود بە پێشینە لە بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵدا بەتایبەتی لە میدیای بینراو گەیشـتووە بەو ڕادەیەی بەچاوساغی کـردن بۆ دژمن تۆمەتبار بکرێن .

## هەندێ لە هۆیەکانی لاسەنگیی میدیای کوردی

ئەگەر دوێنــێ هەنــدێ لە نەخۆشــیەکانی میــدیای کــوردی کە تــا ســەردەمانێک لە دەرەوەی ئیــرادەی خۆیــدا بــوو ، یــا لە ژێــر هەژموونی ئیرادەی خۆیدا بوو بێ ، (میدیای پێشمەرگایەتی) ئەویش ئیستگەکانی ڕادیـۆی لــێ هەڵبــوێری کە بەخێراییەکــی پێــوانەیی پەیــامی خــۆی دەگەیانــد ، دەنــا میــدیای نووســراو لە ڕووی خێرایــی گەیانــدنەوە ئەو ڕۆڵەی نەبووە...

لەگەڵ ئەوەشــدا میــدیای ئەوان ڕۆژانــیش خــــاڵی نەبــــوو لە کەم وکــــورتی و ئەو

نەخۆشیانەی پاش ڕاپەڕین (1991) ، لە باتی ئەوەی چارەســـەریان بـــۆ بـــدۆزرێتەوە ، تەشەنەیان سەندو و بڵاوتر بوونەوە !

لـــێ بە بەراورد لەگەڵ ئەمـــڕۆ ، کەم تـــا کـورت، بـاوەکو ڕۆژنامەنووسـانی کـورد ، ئەوسا لە بـوارێکی بەرتەسک و هەنـدێ جار تەنـگ و تاریـک کاریـان کـردووە ، بەڵام پاراستنی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیی و هەواڵدان بۆ بەرقەرارکردنی جۆرێک لە پرۆفیشناڵیەتی لە کـاردا و تێپەڕانـدنی هەنـدێ بـابەتی فەرهەنگیـی لە بـارودۆخێکی ئەسـتەمدا کە سانسـۆر بەسـەر هەمـوو بڵاوکراوەیەکـدا لەوپەڕی دابوو.... دیسان تاڕادەیەک دوورتر بوو لەو نەخۆشیانە .

ڕەنـگە هـۆیەکی دیـکەش ئەوە بێـت کە وا کەوتبێـتەوە میـدیای ئەوسـا دیـاریکراو و لە هەمـوو حاڵەتێـک و بە هەمـوو بـاران بڵاوکراوەکان ژمارەیان نەدەگەیشتە ژمـارەی پەنجەکـانی دەسـت ، سـەرەڕای ئەوەش

ئەوەی هەبـــووە هەمیشـــە بە سانســـۆری دەوڵەتـدا تێپەڕیـوە ، بـۆیە کەمـی ژمـارەی بڵاوکراوەکـــان ڕەنـــگە ئەگەرێـــک بـــێ لە دیاریکراوییەتی نەخۆشیەکانیشی....

بێگومــان لێــرەدا ئــێمە باســی ئەو میــدیایە دەکەیـــن کە لە عێراقـــدا بـــووە ، ڕاســـتی نەخۆشـیەکانی میـدیای کـوردی زیـاتر دوای ڕاپەڕیـن دەرکەوتـن و تەشـەنەیان سـەند ، دوای ئەوەی لە لایەک ڕۆژنامەنووســـان کە سەرەتا ئەگەر بشێ بگوترێ تووشی (شـوکی ئـازادی) بـوون ، لە دوایشـدا کۆبـوونەوەی دەتـــــــوانین بڵێـــــــین لەشـــــــکرێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامە و کەناڵگەلێک زۆر زیـــاتر لەو ســـــنووره جوغرافیـــایەی لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کوردیدا ، بەڕادەیەک وای لــێ هــات پیشــەی ڕۆژنامەنووسـیی لە پیشـــەی بـــانگخوازی بـــۆ ئـــازادی و بەرپرسیاریەتی مێژوویـی و پاراستنی ئیتیکـی پیشـەکە ، بـوو بە هـۆیەک بـۆ بژێـوی ، هەر

لێرەشڕا چاک و خراپ ، زانا و نەزان تێکەڵ بـوون و لە دیمەنێکـی لە پێشـدا نەدیتـراودا میـدیایەک بێـتە کـایێ- ڕووکەش ، دوور لە فەرهەنـگ ، مانـدوو ، متمـانە پێنەکـراو – تەنـــانەت نەخۆشـــیەکان بە جۆرێـــک ، بەتـایبەتیش بەم دوادواییـانە پەرەیـان سـەند کە زۆر لە کەناڵەکان (خـوێنراو – بیستراو – بینـــراو) ڕاشـــکاوانە هـــاتنە نـــاو ململانـــێ سیاســـیەکان کە ئەمە (میـــدیای حزبـــی لـــێ بترازێ ) بەو زەقییە کاری میدیا نییە .

لەم بـــــارەدا دەکـــــرێ (هەنـــــدێ) لەو نەخۆشـیانەی لە میـدیای ئەمـڕۆی کوردیـدا دەبیندرێن لەخوارەوەدا کۆبکەینەوە :

- ئەوەندەی شێوەی وانەدانی وەرگرتووە ، ئەوەنـدە حسابی بـۆ ڕای گشتی نەکـردووە ، تەنــانەت هەنــدێ جــار گەیشــتووە بەوەی هەنـدێ کەنـاڵ ڕێگایـان بەخۆیـان داوە جێـی داواکــاری گشــتیش بگــرنەوە و دەســت لە کاروباری دادوەریش وەربدەن ، بەمەیش لە

چەنـدان لاوە کـار بـکەنە سـەر ڕای گشـتی و بەربەستێک پێکەوە بنێن (بەهەر مەبەستێک بـێ) بـۆ بەلاڕێـدا بـردن یـا شـێواندنی ئەو دەرهاوێشـتانەی لە هەواڵێکـی دیـاریکراوەوە دروست دەبن .

- زۆرجـــار لەچوارچێـــوەی (ئـــازادی)دا ، میـــدیای کـــوردی غەدری لەو وشـــەیە کـــردووە و زۆر جـــار (ئـــازادی) بـــێ (بەرپرســـیاریەتی) خوێنـــدۆتەوە ، ئەم دیاردەیەش (کە بەڕاستیش بووە بە دیاردە) گەلێک جار پشێوی کۆمەڵایەتی یا سیاسی لێ کەوتـــووەتەوە ، وەک ئەوەی لە وەختـــی شەڕی ناوخۆدا بوو .

- بە گشتی میدیای کوردی هەڵسوکەوتێکی دروسـت و هاوسـەنگی لە کـاتی قەیرانەکانـدا نەبووە ، یا 100% لەگەڵ هەڵوێستێکدا بووە یـاخود 100% دژی بـووە ! کە ئەمەش لە هەمـوو حاڵەتێکـدا هەڵسـوکەوتێکی پەسـەند نییە و لەو ناوەشدا ڕۆڵ و کاریگەریی خـودی

کەنــاڵەکە لاواز دەکـا و متمــانەی خــوێنەر و گـوێگر و بینەرانیشـی بە تێپەڕبـوونی وەخـت لەدەســت دەدا ، وەک ئێســتا دەیبینــین کە هەنـــدێ کەنـــاڵ هەواڵێـــک یـــا وتـــارێکی ڕۆژنامەنووســـیی بە ڕادەیەک قەبە دەکەن تەنانەت خوێنەری ئاسایش دەرکی پێ دەکا ، دیـــارە پێچەوانەکەیشـــی هەر ڕاســـتە.... ســـــەیرایەتیەکەیش لەوەدایە هەمـــــوو ئەو کەناڵانە ، بە کەناڵی (سەربەخۆ) و (بێلایەن)و چی و چی خۆیـان دەناسـێنن !! سـەیرتریش ئەوەیە زۆربەی کەناڵەکـــان بێلایەنـــی لە وەرگرتنـــی ڕای دوو لایەن یـــا زیـــاتر لە هەواڵێکـی دیـاریکراودا کـورت دەکەنەوە ، لە کاتێکــدا ڕەنــگە هەنــدێ جـار لە بنەڕەتــدا هەواڵەکە تەنـانەت شـایانی بڵاوکـردنەوەیش نەبێ!

- لەداڕشـــتنی هەواڵـــدا ، ئەمـــڕۆ زۆربەی میدیای کوردی (گوایە بۆ سـەرنج ڕاکێشـانە) ناونیشانێک بۆ هەواڵەکە دادەنێ ، کە زۆرجار

هەواڵەکە دوور و نزیـــــک پەیوەنـــــدی بە ناونیشــانەکەوە نیــیە ، یــا ئەگەر هەیشــیبێ پەیوەندییەکی دوور بەدوورە .

- لەڕووی زمانەوە ، گەیشتووە بەوەی هەر کەنــاڵە و بەکەیفــی خــۆی نەک بە پێــی دەســتوور و ڕێســای زمــان وشــە و زاراوە دادەتاشێ !

دیارە مەسەلەی زمان لە کەناڵەکانی میـدیادا دەخـوازێ بە هەسـتیارییەوە مـامەڵەی لەگەڵ بکـرێ بەوەی کەناڵەکـانی میـدیا بەتـایبەتیش کەنـــاڵە بینراوەکـــان کـــە پەیوەنـــدی ڕاســتەوخۆیان بە یەک بەیەکـی کـۆمەڵگەوە هەیە و کەناڵەکان ئاوەهایان وەرنەگرتووە .

زمــانی کــوردی جــارێ بە نــاوی نــوێ کـردنەوە و جـارێ لە ژێـر ناونیشـانی ئەوەی پێـــی دەگـــوترێ (مۆدرێنـــایەتی) ، کە نە ژێرخـــانێکی لە کوردســـتاندا هەیە و نە لە هەمـــوو ئەو ماوەیەشـــدا کە بەمـــاوەی خۆبەڕێـــوەبەری دەناســـرێتەوە تـــوانراوە

(دابڕان)ێک ڕووبدا وەک ئەوەی لە کۆمەڵگە پێشـکەوتووەکاندا بــووە کە ئەمەش دیــارە پرۆســـەیەکی هەمەلایەنـــایە ئەگەرچـــی پرۆسەی پەروەردە لە ڕیزی پێشەوەشدا بێ ئەویـش لە کوردسـتان نە بـایەخی پێویسـتی پێـدراوە ، نە پێـوەی دیـارە وەکـو پێویسـت گرینگـــی و هەســـتیاریی ئەو پرۆســـەیە لە پێگەیشـتن و بەرەو پێشـچوونی کـۆمەڵگەدا بەهەند وەرگیرا بێ .

- زۆربەی کەناڵەکـــان (دەڵـــێم زۆربەی) هەرچەنـــدە ســـەتلایتن و بە هـــۆی مـــانگە دەسـکردەکانەوە پەخـش دەکەن ، یــان لە ڕادەبەدەر خۆماڵییەتیـــان پێـــوە دەبینـــرێ ، یاخود ئەگەر بایەخیش بەدەرەوە و هەواڵ و ڕاپـــۆرتی دەرەوە بـــدەن ، ئەو فلـــیمە بەڵگەنامەییــانە بـڵاودەکەنەوە کە لە دەرەوە بەرهەم هێنــــــــــــراون ، ئەمە لە ڕووی چلۆنــایەتییەوە ، لە ڕووی چەندایەتیشـــەوە ، ژمارەی کەناڵەکانی میدیای کوردی خوێنراو

– بیستراو – بینراو- لەو سنووورە دەرچووە کە پێی بڵێن (زۆر) بێگومان پێشم وانییە ئەو ژمارە ڕۆژنامەنووسەمان (بەپێی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەحەوت هەزار ڕەت دەکا بێجگە لەوانەیشی ئەندامی سەندیکانین) هەبێ بتوانن ئەو مەکینە زەبەللاحە ئیش پێ بکەن کە خۆی لە سەتان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و دەیان ڕادیۆ و دەیانی دیکەی کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی و سایت و ماڵپەڕدا دەبینێتەوە ، ئەگەرچی پێ دەچێ هەندێکیان سەبارەت بە قەیرانی دارایی ، یا لێگرتنەوەی سپۆنسەرەکانیان ڕاگیراون .

- ئەمرۆ (باس لە ئەمڕۆ دەکەم) زۆربەی کەناڵەکانی میدیای کوردی لایەنی کلتووریان پەراوێزخستووە ئەوەی هەشبووە پێشتر زیاتر بۆ تەنها هەبوون بووە ، تەنانەت لە هەموو ئەو کەنالانە ، بیر لە کەناڵێکی تایبەت بە کولتوور نەکراوەتەوە ، هەمووی سیاسەت ، سیاسەت بە خاوی ، بە کوڵاوی ،

بە برژاوی ، وای لێ هاتووە تێکڕای میللەت بـووە بە (سیاسـی) و (چـاودێری سیاسـی) و (شـــارەزای سیاســـی) !! ئەوەی هەبـــووە لە میـدیای کوردیـدا کە بچێـتەوە نـاو میـدیای کولتـــووری لە چەنـــد لاپەڕەیەکـــی هەژاری ڕۆژنـامە و مـاوەیەکی کـورت لە هەنـدێ لە کەناڵەکانی تەلەفزیـۆن ، ڕەنگە لەم بارەیەوە ڕادیـــۆ و مـــاڵپەڕەکانی ئەنتەرنێـــت باشـــتر بووبن .

- کـار بەوە گەیشـتووە ، زۆرجـار کەناڵەکـان بـۆ پڕکـردنەوەی وەخـت بەرنـامە هەبـووە و ئامـــادە و پێشـــکەش کـــراوە وەکـــو یەک ، بەمەش پەڕاوێـــــز جێـــــی جیـــــددیەت دەگـرێتەوە و کێبەرکێی نێـوان کەناڵەکـانیش نـامێنێ کە داینەمـۆی پێشـکەوتنی کەنـاڵەکە خۆشیەتی.

- تـا ئێسـتا میـدیای کـوردی لەڕووی هەڵـی کـارەوە ڕۆژنـامەنووس و خەباتکـاری حزبـی لێـک جیـانەکردووەتەوە ، کە هەر ئەمەیشـە

ژمـارەی ڕۆژنامەنووسـانی گەیانـدووەتە ئەو ڕادەیەی ڕۆژنامەنووسـی پڕۆفیشـینال و کـارا لە ناو ئاپۆرای ئەو لەشکرەدا ون بن .

- لەمیـــدیای کوردیـــدا ، نە مـــافی تـــاک پـارێزراوە وەکـو تـاک نە مـافی خـودی ئەو ڕۆژنامەنووسـانەی کـاری تێـدا دەکەن .. ئەو قـــــانوونەی کە بەنـــــاوی قـــــانوونی ڕۆژنامەنووســیش دەرچــووە ، جــگە لەوەی پــڕە لە کەلــێن و کەم و کــوڕی لە هەمــان کاتدا لە بنەڕەتدا تەنیا بۆ (میدیای نووسراو) دانــراوە ، کە ئەمە یەکــێکە لە کەلێــنە هەرە دیارەکانی .

- ڕەخــنە لەمیــدیای کوردیــدا ، ئەوەی تــا ئێســتا بینــراوە و خوێنــدراوەتەوە ، زۆربەی لەپەرچەکردار و خوولانەوە لەبازنەی بەتاڵی گرینگــی دان بە ڕوخســار ، دوورلە فیکــر و هەل و مەرجـــی بـــابەتی و ڕەچـــاوکردنی قۆنـاخی کـۆمەڵگەوە تـاک و تەرا نەبێ ڕەتـی

نەکـــردەوە. بەمەش زۆرجـــار ئەو بـــابەتە ڕەخنەییـانەی بڵاودەکـرێنەوە و ئەو زاراوە و ئیـــدیومانەی تیێـــدا بەکـــار دەبـــرێن ســـەیر دەکەیـن لە زاراوە و ئیـدیۆمی هەواڵگـرییەوە نزیکتـــــرن تـــــا زاراوەی فیکـــــری و ئەوەی دەچێتەوە ناو  ئەو سنوورانەوە .

- (جـــاڕدان ) یـــان (ڕیکـــلام ) لە میـــدیای کوردیدا بەبێ هیچ بنەمایەک یاخود حساب بـــۆ کردنێـــک کە هەنـــدێکیان چ کـــاریگەریی پاشـــڤەبڕ دروســـت دەکـــا بڵاودەکـــرێتەوە ، تەنـــانەت تێینـــاپەڕێنین ئەگەر بڵێـــین زۆری نەماوە میدیای کـوردی و ڕیکلام ببن بەدوو ڕووی یەک دراو....

ڕاستە ڕیکلام بۆ هەر کەناڵێکی میدیا پێویستە تـا بتـوانێ گەشـە بە خـۆی و بە بەردەوامـی پرۆژەکانی ئایندەی  بدا ، بەڵام زۆربەی  بۆ ڕازی کردنـی باروبووکـارە کە لێـرەدا وەک وەبەرهێن دەردەکەوێ .

کەناڵی میدیایی لە پاڵ قازانجیش دەخوازێ وەک دامەزراوەیەکی کاریگەر لەسەر ڕای گشتی بجووڵێتەوە و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بەو ڕادەیە ون نەکا بەوەی کێ زیاتر بدا ئەو لە پێشتر بێ .

هەندێ لەو ڕیکلامانەی بڵاودەکرێنەوە نەک هەر کاریگەری نێگەتیڤی هەیە بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لەو کۆمپانیا و کاڵایانەی ڕیکلامیان بۆ دەکرێ ، لەڕووی سوود و کوالیتیەوە زۆرجار دوور دەبن لەناوەرۆکی ڕیکلامەکە ، بەمەش بێجگە لە زیان گەیاندن بە بینەر جۆرێک لە چەواشەکاری (حەق دراوی)ی خودی کەناڵەکەیشی تێدایە .

لە هەمووی مەترسیدارتر ، ڕیکلامی ناڕاستەوخۆیە ، ڕیکلامی ناڕاستەوخۆ هەموو ئەو گرینگی و بایەخدانانە دەگرێتەوە بە کۆمپانیایەکی دیاریکراو ، یا کەسێک لە شێوەی بایەخدان و ڕیپۆرتاژی تایبەتیەوە کە شێوەی هەواڵ و ڕیپۆرتاژی ئاسایی دەدرێتێ

(ئەمە لە میـــــدیا پێشکەوتووەکانیشـــــدا بە ڕێـژەیەک بە پێـی ئاسـتی کۆمەڵگەکانییـانەوە هەیە). لە میـــدیای کوردیـــدا ئەم جـــۆرە ڕیکـلامە ناڕاسـتەوخۆیانە ، زیـاتر لە ڕێگـای هەنـدێ لە پەیـامنێر و ڕپـۆرتەرەوە بـووە هەندێ جاریش بە ڕێنمای باروبووکار یا با لێرەدا بڵێین وەبەرهێنەوە دەبێ کە بڕیار بە دەستی سەرەکی کەناڵەکەیە. ئەم دیاردەیە بەم دوایـیە زیـاتر لەوەی پێـی دەگـوترێ میدیای سێبەر دەرکەوت و برەوەی سەند .

- میـــدیای کـــوردی (نـــاڵێم هەمـــووی) ئەوەنـدەی بـایەخ وگرینگـی لە سیاسـەت و تـــونێڵە مارپێچەکـــانی سیاســـەتدا چـــڕ کـــردووەتەوە لە بەرابەردا گەلێــک لایەنـــی پێویسـت و گرینگی پەڕاوێز خستووە ، وەک ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە پەرەسەندنی کۆمەڵ و مادده هۆشبەرەکان کە کاریگەریی زۆری بەتـایبەتی بەسـەر گەنجـانەوە هەیە ، هەروەها مەسەلەی کۆچی گەنج و شارەزا و

بەهــرەداران بــۆ هەنــدەران کە ســامانێکی گرینگی وڵاتن و بێکاری و بێکاری داپۆشراو و پرسـی ئینتیمـا و پرسـگەلێکی دی بایەخـداری وەکــو گەنــدەڵی و چینــی ناوەڕاســت کە داینەمـۆی پێشـکەوتنی کـۆمەڵگەیە و خەریـکە لای ئــێمە ڕەش دەبێــتەوە ، هەروەهـــا پەروەردە و تەندروســـتی و ئەمنیەتـــی بژێـوی و ژیـنگە و کـارکردن و بـرەودان بە کولتووری خوێندنەوە و...تاد

- میـدیای کـوردیش بەتـایبەتی لەم بەشـەی کوردسـتان کە جێـی باسـە ، لە بـاتی پرسـە جیـــددیەکان ، لە بڵاوکـــردنەوەی هەواڵـــی وروژێنەری بـێ ئامـانج و لاسـایی کـردنەوەی هەندێ میدیای سەقەت یان ڕووی سـەقەتی هەنــدێ میــدیا نەک هەر دوانەکەوتــووە ، بەڵکــو بــایەخی تایبەتیشــی پــێ داوە ، وەک ژیــانی تــایبەتی ، (زۆر تــایبەتی) هەنــدێ لە هونەرکار و سەماکار و ئەو یاریزان ، ئەمیان چەنـد جـوانە و ئەویـان چـۆن خـۆی ڕووت

دەکـاتەوە و ئەویـدیان چـۆن لەپـاڵ دەریـادا ئـــاوێزانی دەنـــکەکەی دەبـــێ ، هەموویشـــی لەســەر حســابی هونەرمەنــدانی بەڕاســتی و جیـــــددی لە مۆســــیقازان و شــــێوەکار و تەلارسـاز و نووسـەر و بیرمەنـدی ڕاسـتینە و گرینگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا....

- زۆربەی ئەو زنجیرە دراما و فلیمـانەی یا بەدۆبلاژ و بەژێرنووسـی کـوردی لە کەناڵە ئاسـمانی و ناوخۆییەکـان پێشـان دەدرێ یـا جیـددی نـین ، یـان تەنـانەت هەنـدێکیان تـاڕادەیەک ڕووکەشـن کە شـتێک بە بینەری کوردی نادەن و هەستێکی هـونەری باڵای لا ناوروژێنن کار بکاتە تێگەیشتن و دونیـابینی و ڕوانینی لە بەرامبەر دەوروبەر .

درامـا خۆماڵیەکـانیش لە ڕووی هـونەریەوە خراپتر نەبن باشترنین بەتایبەتی ئەوانەی لە کەناڵە ناوخۆییەکان پیشان دەدرێن .

- زۆرجـار کەناڵەکـان ، بە لـێ حـاڵی نەبـوون بێ یا بە مەبەست بە بڵاوکردنەوەی هەنـدێ

هەواڵ یـــا بـــابەت یـــان درامـــا ، بەبـــێ خوێندنەوەی ئایندە تەنانەت ئێستای ئەتەمـی کـۆمەڵ و چین و توێژەکـان بـوونەتە ئەگەر بـــۆ هانـــــدانی ئەوەی بە (تونــــدوتیژی) ناسـێنراوە ، کـار بەوە گەیشـتووە ، هەنـدێ جــار ، هەنـــدێ کەنـــاڵ جێـــی دەســـەڵاتی دادوەریــش دەگــرنەوە و بەپــێش بڕیــاری دادگاکان دەکەون لە بڵاوکردنەوەی هەواڵـی پەیوەندیـدار بە هەنـدێ تـاوان ، کەجـاری وا بـووە کـاری لە خـودی ڕێـڕەوی لێکـۆڵینەوە و بەدواداچوونی دادگا کردووە.

- وای دەبینم میـدیا ئەرکی ڕۆشنکردنەوەی لە ئەســــتۆدا بـــێ ، نەک پەرەپێـــــدانی ڕووکەشــــــایەتی و داتاشـــــینی هەواڵ بە مەبەســتی تــایبەت ، تەنــانەت پەیــامنێر و پێشکەشکاری بەرنامە لە ئاستێکدا بن بتـوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە لای خوێنەر و گوێگر و بینەر دروست دەبن .

بـەڵام لێرەشـدا ئەگەر پەیامنێر و پێشکەشـکار مـافی ئەوەی هەبـێ هەر پرسـیارێکی بـیەوێ

لەبەرامبەرەکەی بکا ، نابێ بگاتە ئەو ڕادەیەی وەکـــو لێکـــۆڵەری دادگـــا کە لەبەرابەر تاوانبارێک دانیشتووە هەڵسوکەوت بکا . پێم خۆشـە خـوێنەر خـۆی سەرپشـک بـێ لەوەی میدیای کوردی بەو ئاراستەیە چۆن بووە؟

- لە لایەنـــی هونەریـــدا بـــاوەکو میـــدیای کوردی هەنـدێ هەنگاوی نکۆڵیلێنەکراوی بە هـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـای ئەم بـوارە هاوێشتبێ ، بەڵام دیسان نەیتوانیوە سیمایەکی ئەوتـۆی پـێ بـدا تایبەتـایەتی ئەو میـدیایەی دەرخستبێ ، دوور لە لاسایکردنەوەی میدیای ناوچەکە ، کە ئەوانیش کەم تا زۆر دوورنین لەلاسایی کـردنەوەی میـدیا پێشکەوتووەکانی جیهان .

ڕاسـتە هەنـدێ لەکەناڵەکـانی تەلەفزیـۆنی توانیویـانە ڕاسـتەوخۆ سـوود لەمیـدیای وڵاتە پێشـکەوتووەکان وەربگـرن ، بەڵام لەمیـدیای خـوێنراودا هەوڵێکـی لەو ڕەنـگە نەدراوە ئەو تایبەتایەتیەی پێشان دابێ ، لەدیـزاینەوە بگـرە

تـا دابەشـكردنى وێـنە و بـابەت و تایپۆگرافیـا بەسـەر ڕووپەڕى ڕۆژنـامە و گۆڤارەكـان ، هەروەهـا لاپەڕەبەنـدى و سـتایل وخێرایـى لە بڵاوكردنەوەدا .

سیاسـەتى دەرهێنـانى هـونەریش لەمیـدیاى خوێنراودا بەجۆرێک نەبووە لەگەڵ سیاسـەتى بڵاوكـراوەكەدا هـاتبێتەوە ، لەپـاش وپـێش خسـتنى هەواڵ یـا بـابەت ، یـا بەكارهێنـانى تـایتڵى سـەرەكى و لاوەكیـدا ، تەنـانەت لەڕووى بەكارهێنانى ڕەنگیشەوە وەک دەڵێن هەمیشـە (شـەش تەقەڵ و مانگەشـەو) بـووە. كـار بەوە گەیشـتووە هەنـدێ جـار لەیەک بـابەت یـا هەواڵێكـدا دوو تـا سـێ ڕەنـگ بەكارهـاتووە ، سـەرەڕاى ئەوەى هەواڵەكە وێنەى ڕەنگاو ڕەنگیشـى لەگەڵـدا بـووە ، كە ئەمە نەک هەر ڕوخسـارى دیزاینـى لاپەڕە دەشـێوێنێ خـودى بـابەتەكەش دەكـوژێ ، بەتایبەتى كە سیستەمى ستوون لەڕۆژنامەدا بەكاردەبرێ .

بەشێوەیەکی گشتیش بڵاوکراوە کوردییەکان هەر لەدێــرەوە کــاریگەری ئەو کولتــوورە هـونەریەی بەسـەرەوە بـووە کە پارچەکـانی کوردســـتانی پێـــوە گرێـــدراوە لێـــرە لە کوردســـتانی بە عیـــراقەوە بەســـتراو بە کولتـووری هـونەری عەرەبـی ، لە ئێـران و تورکیـایش ئەوەنـدەی هەبـووبێ بەو جـۆرە بووە .

ڕاســـتە لە دوادوای نەوەتەکـــانی ســـەدەی ڕابردووەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی ڕاگەیاندن لەزانکۆکانی کوردستان بەکـارکەوت بزاڤێکــی هــونەری دیــزاین و دەرهێنـــانی هـــونەری لە ڕۆژنـــامەگەریی کوردیـدا هەسـتی پێ دەکـرێ بەڵام دیسـان ئەویــش خــاڵی نیــیە لەچەشــنێک لاســایی کـردنەوە ، ئەمجـارە هەنـدێ لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـان بە هەنـدێ دەسـکارییەوە لەپـاڵ عەرەبیەکـان لاسـایی ڕۆژنـامە و بڵاوکـراوە فارسییەکانیشـــیان کـــــردەوە ، ئەمەش لە خوێنەری بەدواداچوودا شاراوە نییە .

ڕادیۆکـــانیش، دەکــرێ لــــەدوو شـــێوەدا بیـــانبینین ، بەشـــێکیان هەر لەســـەر هەمـــان ڕێچکە کۆنەکەدا مانەوە تەنیا ئەوەیە خۆیان خستە سـەر شـەپۆلی FM ، دوای ئەوەی شەپۆلی ناوەندی MW و کورت SW ئەو بازاڕەیان نەما لە ڕووی گەیاندن و کوالیتی دەنگەوە.

بەشـــی دیکەیـــان ، نەخێـــر بەڕێکخســـتن و بەرنـــامەڕێژی و هـــــەڵبژاردنی بـــابەت و مۆسیقا و گونجانیان لەگەڵ کاتی پەخشدا ، هەروەهـــا بـــایەخ دان بە دەنگـــی ڕادیـــۆیی هەردوو ڕەگەز و خێرایـــــــی گەیانـــــــدن (بەتـــــایبەتی لەهەواڵ دا) و بڵاوەپێکردنـــــی پەیـــامنێران و بەرنـــامەی ڕاســـتەوخۆ ، کە هەندێکیان ئێستاش بەردەوامن و توانیویانە ڕەنگ و ڕوویەک بە میدیای بیستراو بدەن .

ئیســـتگەکانی تەلەفزیـــۆنیش لەزۆر لایەنەوە لەحـــاڵی میـــدیای خـــوێنراو و بیســـتراو جیاناکرێنەوە ، بەتایبەتی ئەو کەناڵانەی سەر بەلایەنە سیاســـیەکانن ، ئەوانـــی دی ڕەنـــگە

وەک وتمـان لەڕووی هـونەری گەیانـدن و خێرایـی و سـتافی بەڕێـوەبردنەوە توانیویـانە هەر یەکە و بەپێـی سیاسـەتی خـۆی ، یـان ڕاسـتتر سیاسـەتی باروبووکـارەوە ، لە ژێـر هەر مانشێت و بانگڕاهێشتنێک بێ بینەر بۆ خۆیـان پەیـدا بـکەن ، بەڵام ئەو کەنـاڵانەیش سـەبارەت بەوەی لەبنەڕەتـدا بە شـارەزا و پسـپۆڕی دەرەوە دامەزرێنـراون و ڕاهێنراون، تەماشا دەکەی هەمان ئاراستەی ئەوانیان وەرگرتووە .

کەنـاڵە ناوخۆییەکـانیش کە وا دەبینـرێن زۆربەیان زیاتر بە مەبەستی وەبەرهێنانەوە دامەزرێنـراون ، هەمـان ڕێگەیـان گرتـووە و(بەهەر مەبەستێکە) بینەری زیـاتر بە واتا ڕیکلامی زیاتر.

## میدیای کوردی
## لەبازنەی گەمەکانی سیاسەتدا

نیشانە بەو دەرهاوێشتانەوە ، میدیای ئێستای کـــوردی لە هەمـــوو مێـــژووی خۆیـــدا ، ئەوەندەی ئەمڕۆ ، لەناو بازنەی گەمەکانی سیاسـەتدا گیـری نەخـواردووە .. ئەوەش وا لێـک دەدرێـتەوە لە ڕەهەنـدی ئـابوورییەوە ســـەرچاوەی گرتبـــێ ، بەوەی زیـــاتر وەک سەرچاوەی بژێوی سەیر کراوە بەپێچەوانەی حەفتـــا و هەشـــتاکان کە لەگەڵ بـــاری نـــاهەمواری ئەوان ڕۆژانـــیش عەشـــق و خولیـــایەکی دڵســـۆزانەی تێـــدا دەبینـــرا ، بەتـــایبەتی لەوەی پەیوەنـــدی بەزمـــان و کولتوورەوە هەبوو .

دیـاره خـولانەوەی میـدیایش لەبـازنەی ئەو گەمە و یاریـانەی سیاسـەتی ڕووت بەرپایـان دەکا ، هەمیشـە بەو لایەیـدا دەشـکێنێتەوە کە لەبابەتـــایەتی و بەرپرســـیاریەتی لە بەرابەر ئەوەی پێـــــی دەگـــــوترێ ڕای گشـــــتی شـــەرمنانە و جێـــوەڕێ لە دروســـتکردنی متمانەی بەرامبەر دەربکەوێ ، کە ئەمەشیان لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەکـو کـۆمەڵی ئـێمە کە تـا ئێسـتاش شوناسـێکی مەحکەمـی لەڕووی چینایەتی و قۆناخەکانی پەرەسەندنی مێـــژووییەوە بەبەر نـــاگیرێ ، ئەوەنـــدەی کاریگەریی نێگەتیڤ بەدوای خۆیدا دەهێنێ ، چاریەکی ئەوەندە نابێتە هـۆ و ئەگەرێـک بـۆ گەیاندنی پەیامێکی ئینسانی دوور لەوەی وای لـێ بـێ  بە چەواشـەکاری لێـک بـدرێتەوە ، هەرگیـــزیش نـــایەتە ڕێـــزی ئەو ئـــامرازە مەعریفیـــــانەی واقیـــــع و دیـــــاردە و ئیشـکالیاتەکانی پـێ شـی بکـرێتەوە ، تەنـانەت هەنـدێ جـار نەک هەر تونـدوتیژی ، بەڵکـو

هەندێ کەناڵی میدیایی لە هەندێ حاڵەتدا بە ئاراستەیەکدا دەچن دژمنایەتی لەنێوان ئەم لایەن و ئەو لایەنی لێ بکەوێتەوە بەڕادەیەک ئەوەی دوێنێ ڕەخنەمان لێ دەگرت ، ئەمڕۆ لە ڕێی چەند کەناڵێکی میدیایی ئاراستەکراوەوە خۆمان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی نیشتمانیدا ، ئینجا بە هەر ناوێک بێت جێبەجێی دەکەین...

هەندێ جار میدیای ئاسایی تێکەڵ بەوەش دەکرێ کە بە (سۆشیال میدیا)ناسراوە و لە دونیایەک بەڕێوە دەچێ دوورە لەمیدیا و پرەنسیپە دیارەکانی .

بەم جۆرە ئەمڕۆ میدیای کوردی ، لەگەڵ بوونی چەندان ڕۆژنامەنووسی پڕۆفیشناڵ ، هەرچەندە ژمارەشیان کەم بێ لەبازنەی گەمەکانی سیاسەتدا ، تا دێ لە پیشەییایەتی دوور دەکەوێتەوە و پەیامی جیددی خۆی وەک پێویستی سەردەم و بۆ ڕێڕوونی بەهۆی تەکنۆ ئابوورییەوە ، بە قوربانی

تەکنۆ ئابووری کردووە و سەیر دەکەین بەرنامەڕێژی کەناڵەکان (خوێنراو وبیستراو وبینراو) لەسەر ئەو بنیاتەدا نەخشەی بۆ کێشراوە و دەکێشرێ ، بەمەش شتە جیددیە پێویستەکانی سەردەم و لەگەڵ هاتنەوەی لە ئاکامی ئەو بەرنامە ڕێژیەدا لەخۆیاندا دەچنە پەڕاوێز...

دیارە ئەگەر بەو ڕەنگەش بڕوا و بەردەوام ئەگەر بشێ بگوترێ مەنتیقی ( لێخوڕە دەشتە ) ی بەسەردا زاڵ بێ و میدیای کوردی هەوڵێک بە ئاراستەی خۆ دەربازکردن لەو بازنە بەرتەسکە نەدا ، ڕەنگە لە ئایندەیەکی زۆر دوور نا ڕەنگرێژییەکی دی بە خۆیەوە ببینێ ، یا خودی باروبووکار مەرج نییە تا سەر ڕێ بدا چواریەکی ئەمڕۆ حەقیقەت و ڕاستیەکان بگەن ، کە ئەگەر تا ئەوسا ، بە هۆی زۆر ئەگەرەوە شتێک بمێنێ بەناوی حەقیقەت .

ئۆکتۆبەری - 2016

## ئاماژە و پەراوێز

(1)- دیارە لێرەدا باس لە بزاڤێک دەکەین کە ڕۆژنامەگەریی توانای ئەوەی هەبێت ڕای گشتی دروست بکا ، دەنا لە پێش حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لێرەو لەوێ ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون . لەهەمان کاتدا و بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر باس لەسەر ئەو جوغرافیایەیە کە تا حاڵی حازر بە (هەرێمی کوردستان) دەناسێنرێتەوە.

(2)- بۆ ڕێ ڕوونی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

نەژاد عزیز سورمێ – برایەتی – یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا – چاپی یەکەم – چاپخانەی خەبات 1991.

(3)- هەر لەو ماوەیەدا ، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردییەوە بڵاوکراوەیەک لە شێوەی ڕۆژنامە، (کە لەدوایدا بوو بە گۆڤار) بەناوی (ڕۆشنبیری نوێ)

بلاودەکـرایەوە ، کە ئەوسـا ڕەوانشـاد د.ئیحسـان فوئـاد سەرپەرشـتی دەکـرد ، هەر لەوێ گۆڤـاری (ئەسـتێرە)ی منـداڵان کە تـایبەت بـوو بەمنـداڵان و (جەمـال خەزنەدار) سەرپەرشتی دەکرد بلاودەکرایەوە بەڵام پاش (2) ژمارە داخرا و ژمارەی (3)یەمی لەژێر چاپدابوو کە داخرا .

دیـارە ناشـبێ ئێسـتگەی کـوردی بەغـدا لەبیـر بکەیـن و هەروەها ئێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکووک کە ماوەیەکی بۆ پەخشی کوردی تەرخان کردبوو.

لەهەمـــان کاتـــدا و وەک دەســـکەوتی ئەو کـــرانەوەی ڕێککەوتنـامەی ئـاداری 1970 زەمینـەی بـۆ خـۆش کـرد ، لەپـاڵ ئەوانەدا گۆڤـاری (کـۆڕی زانیـاری کـورد) لەلایەن کـۆڕی زانیـاری کـوردییەوە و (نووسـەری کـورد) لەلایەن (یەکێتـــی نووســـەرانی کـــورد) و گۆڤـــاری (پەروەردە و زانســـت) لەبەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خوێنـدنی کـوردی و (دەفتەری کوردەواری) بە کۆششی د.مارف خەزنەدارەوە دەردەچوو ، هەروەها گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردییەوە لە بەغدا و چەندانی دیکە لە هەولێــر و ســلێمانی کە وەک وتمــان ڕێککەوتنـــامەی ئاداری 1970 زەمینەی دەرچوونی بۆ خۆش کردبوون .

(4)- هەمان سەرچاوەی (2) – برایەتی- یەکەمین ڕۆژنامە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا- تەماشای پێشەکی و پەراوێزی ژمارە (4) بکە لاپەڕە 11 چاپی یەکەم.

(5)- بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر، بڕوانە: نەژاد عزیز سورمێ ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد ، چاپی دووەم 1991 – هەروەها – برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی- 1991ی هەمان نووسەر .

(6)- جارێکی تر تەماشای پەراوێزی ژمارە (4) بکەوە لە برایەتی – یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

(7)- لەگەڵ دواکەوتوویی تەکنیکی (چاپخانەی کوردستان)یش کە بەکۆششی برایانی موکریانی (حوزنی و گیو) دامەزرابوو ، دەبێ ئەوە ببینرێ کە دەیان سیایی و دەستنووسی لە فەوتان پاراست و چاپکرد.

بێجگە لەوەی چەندان گۆڤاری ناوەخۆی شارەکانیشی لێ چاپ دەکرا ، لەپاڵ دەیان کتێبی نووسەر و شاعیران ، بەتایبەتیش نووسەرانی هەولێر و دەوروبەری .

(8)- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەژاد عزیز سورمێ – درەختی بنکۆڵ کراو – چاپی دووەم –2006.

(9)- بڕوانە: کەمال ڕەئووف محەمەد – مێژووی ڕادیۆی کوردیی بەغدا – (1939 – 1958) بەرگی یێکەهەم جزمی یەکەم – کوردستان – هەولێر 2014 چاپخانەی ڕۆشنبیری.

حێی باسە کە مامۆستا کەمال ، هەر لەو کتێبە و لە هەمان بەرگ ، چەردەیەک لە باسی پێش پەیدابوونی ئێستگەی ڕادیۆی هێناوەتەوە – سەردەمی (فۆنۆگراف) یا وەک

مامۆستا کەمـال (لـوولە قەوان)ی بـۆ دانـاوە و کە لە نـاو خەڵکی بە (قەوان) دەناسرێتەوە پێش ڕادیۆ لە کوردستاندا هەبووە. تەماشای – لاپەڕە 52ی هەمان سەرچاوە بکە.

(10)- کەمـال ڕەئـووف مـحەمەد (بـابی لالـۆ)- مێـژووی ڕادیـۆی کـوردی بەغـدا – بەرگـی یەکەم – جزمـی یەکەم- هەولێر – 2014، تەماشای لاپەڕە 68 بکە.

(11)- هەرچەنـدە مامۆسـتا کەمـال رەئـووف مـحەمەد لە کتێبـی ئامـاژە پێـدراودا لەلاپەڕە 68دا دەڵـێ لەئەیلـوولی 1942 تا ئەیلوولی 1945 بەردەوام بووە.

کەچی لەلاپەڕە 69دا بـاس لەسـاڵی 1946یـش دەکـا کە بە شـەپۆلی کـورتی 42018 (SW) سـەعات 11:45ی پێش نیوەڕۆ دەستی بە پەخش کردووە (بەکوردی) و سـروودی (کوردسـتان ، کوردسـتان نیشـتمانی جوان)یشـی لـێ پەخـش کراوە .

کەوابێ ، دیارە ئەم ڕادیۆیە تا ساڵی 1946 بەردەوام بـووە – بڕوانە هەمان سەرچاوە لاپەڕە69.

(12)- کەمـال رەئـووف مـحەمەد – هەر ئەو سـەرچاوەیە ، لاپەڕە 73.

(13)- کەمال رەئووف محەمەد – هەمان سەرچاوە.

(14)- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی – بارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد- بەرگـی سـێیەم بەشـی دووەم 1961 – 1975. چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە – هەولێر 2004 .

(15)- یەکێک لەو ڕێوشوێنانەی گیرایەبەر بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی ئینگلیزی بوو بەهەمان شەپۆل، گۆرانییەکی بەژاوەژاو بوو وشەی (هانی)تێدا دووبارە دەکرایەوە.

ئێستا لە قامووسی کوردیدا ئەم وشەیە لەبەرامبەر (تشویش)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێ و جێی خۆی گرتووە. بەڕادەی ئەوەی گوێم لێ بووە ، کەسێک کە داوا لە کەسێک بکا تەشویش نەخاتەسەر قسەکانی ، پێی دەڵێ: توخوا (هانی هانی) مەخەرە سەر قسەکانم .

(16)- بەندە لەو ساڵەدا یەکێک بوو لە کارمەندانی ئەو ڕادیۆیە وەک نووسەر و وەکو پەیامنێری جەنگیش ، (یەکەمین پەیامنێری جەنگ) ، بەتایبەتی لەبەرەکانی هێزی باڵەک کە ئەوسا هەڵایساوترین بەرە بوو، هەروەها ناوچەکانی دیکەی ئازادکراوی کوردستان کە هەندێ جار هاوڕێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس سەردانمان دەکرد ، وەکو بەرەکانی هێزی (خەبات و ئەزمر و زمناکۆ).

(17)- بەپێی ئاماری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە – بەشی بانکی زانیاری میدیایەکانی کوردستان ، سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان – تا ئێستا ئەوەی لەوێ تۆمارکراوە – لەسێ پارێزگا (هەولێر ، سلێمانی، دهۆک) 187 ڕادیۆیە و بەم شێوەیە- هەولێر 84 ڕادیۆ ، سلێمانی67 ڕادیۆ و دهۆک 36.

(18)- بڕوانە: ئینعام کەچەچی – تەلەفزیۆن لەبەغداوە دێتە جیهانی عەرەبی - ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارە (7695) لە 1999/12/23.

(19)- بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: نەژاد عزیز سورمێ – درەختی بنکۆڵ کراو – پەنجەنمایەکی ڕۆژنامەنووسیانە بۆ باری ڕووناکبیری وکولتووری کوردی – 1975 – 1994 – چاپی دووەم – 2006 چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

(20)- نەژاد عزیز سورمێ- درەختی بنکۆڵ کراو – پەنجەنمایەکی ڕۆژنامەنووسیانە بۆ باری ڕووناکبیری و کولتووری کوردی – 1975 – 1994 – چاپی دووەم – 2006. بڕوانە لاپەڕە (36)، هەروەها لاپەڕە (46).

(21)- بۆ ڕێ ڕوونی و زانیاری زیاتریش لەبارەی BBC لەم ڕووەوە بڕوانە- محمد الرمیحی – (دکتۆر)- بئس قسم الـ BBC العربی- ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارە 13024 لە 2014/7/26، لاپەڕە 13.

(22)- لەڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەردا ، حکوومەتی ئەمریکا CNN ی ئاگادارکردەوە لە قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی لاشەی قوربانییان ، وەک بەشێک لە ئیجرائاتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پاراستنی ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەمنی قەومی) .

(23)- میدیای کوردی پاش ڕاپەڕین، چەند هەنگاوێکی جێی سەرنجی هاوێشت ، دەکرێ بەهەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنیەوە بیانبینین ، لە پێشەوەیان وەگەڕکەوتنی چەند

کەناڵێکی ئاسمانی ، لەوانیش چەند کەناڵێکی تایبەت بە منداڵان. هەروەها چەند سایتێکی ئەلکترۆنی دوای بڵاو بوونەوەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و مۆبایل و پێشکەوتنە تەکنیکیەکانی دیکەی بواری گەیاندن ، یا ئەوەی بە ئیستیلاح پێی دەگوترێ (کۆمەنیکەیشن) کە ماس میدیاشی لەدوایدا لێ کەوتەوە و بەوەش میدیا مەودایەکی دی وەرگرت کە لە هەشتاکاندا و تا نزیکەی دوادواکانی نەوەدەکانی سەتەی ڕابردوو خەون بوو.

(24)- لێرەدا مەبەست زیاتر لە میدیای نووسراوە ، چونکە دوای ئەو بەرەو پێشچوونە تەکنیکیەی گەیاندن و پەیدابوونی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەک هەر حزبی ڕێگە پێنەدراو ، بەڵکو تاک بەتاکی کۆمەڵیش دەتوانن بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕای گشتی ئاراستە بکەن و لەهەر کوێی گۆی زەوی بن ، ئەمەشمان لەزۆر شوێنی دونیادا بەخۆمان بینی بەتایبەتی لەوڵاتانەی بە (بەهاری عەرەبی) ناسران ، کە سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی کاریگەری لەئاراستەکردنی خۆپیشاندەراندا گێڕا.

(25)- بە نموونە بەرنامەی ( الاتجاه المعاكس) کە ماوەیەکی زۆر خەڵکێکی زۆری سەرقاڵ کردبوو.

# هەوڵە چاپکراوەکانی



## 1) لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگـەریی کـوردی و ڕۆژنامەنووسـی کـورد1984،بـەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن وبلاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان ( لەشـاخ ) ـ چـاپی دووەم بـەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.
- پرۆژەیـەك بـۆ دەرکردنـی ڕۆژنامەیـەکی ڕۆژانـە بـە کـوردی – لێکۆڵینەوە ـ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986.
- هەڵەی چـاپ ، ئـەمڕۆ و ئاسـۆی دوارۆژ ـ لێکۆڵینـەوە ـ بـە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا ـ لێکۆڵینەوە ـ بەسێ بەش، گۆڤاری(کاروان ژمارە85 و 86 و 87)ی1990.
- برایەتی: یەکـەمین ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە لەمێـژووی ڕۆژنامەگـەریی کوردیـــدا. لێکۆڵینـــەوە و بیبلۆگرافیـــا ـــــ چـــاپی یەکـــەم گۆڤاری(یـەکگرتن) ـ هەنـدەران (دانیمـارك ) ، چـاپی دووەم

چاپخانەی خـەبات1991. چاپی سـێیەم چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە ـ هەولێر 1997.

- ئاژانســی دەنگوباســی کوردســتان( ئاداکــ ADAK) پــرۆژەی دامەزرانـدن وبـەڕێوەبردن ـ لێکۆڵینـەوە ـ ڕۆژنامـەی (برایـەتی) بەسـێزدە ئەڵقـە1993،چـاپی یەکـەم بـە کتێـب هـەولێر1993، چاپی دووەم بـەکتێب چاپخانەی خـەبات دهـۆک1997، چاپی سێیەم هەولێر2005.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ بـاری ڕووناکبیری وکلتووری کوردی ـ چاپی یەکـەم کوردسـتان1995، چاپی دووەم سوید1996، چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەکەم هەولێر ـ کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تـەکنیك و هونەرەکانی ، چاپی یەکەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتـاری ڕۆژنامەنووسـیی چـاپی یەکەم2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا ، چاپی یەکەم — 2020

## 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چـــەندکۆتەڵێکی جـــەنازەیی: چـــاپی ئیتاڵیـــا 1994، چـــاپی کوردستان دهۆك 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێیانـەی بەسەرشـەختەدا مابوونـەوە ـ چـاپی یەکەم کوردستان 2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.

- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە - چاپی یەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو - چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ - چاپی یەکەم کوردستان 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی .. - چاپی یەکەم 2018

### 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە چاپی یەکەم بەغدا1980، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە هەولێر کوردستان 2005
- ڕێگاوبان ، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە - چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983، چاپی دووەم هەولێر - دەزگای موکریانی 2005
- سەرەتاییێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپی یەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
- چاپی دووەم - هەولێر- دەزگای موکریانی2005.چاپی سێیەم - هەولێر2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپی یەکەم - چاپخانەی (الزمان) بەغدا1990 ،چاپی دووەم - سوید - کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005
- دایکی کورد - دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم 1996، چاپی دووەم 2011.
- شوانی بۆشایی - شیعر ، چاپی یەکەم - کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام - شیعر - چاپی یەکەم 2018
- خەونمان بۆ زستان دی - شیعر - چاپی یەکەم 2018

**4) پیشانگاکانی کۆلاژ ـ ناوەرۆکی 5 پیشانگا**

- پـــایزی چـــاوەکان ، کـــۆلاژ لەتاراوگـــەی شـــیعردا وەزارەتـــی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چـــاوەکان هەمیشـــە چـــاوەکان، کلاّورۆژنەیـــەك لەشـــەختەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکانـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005.
- شـرفە ــ بەزمـــانی عـەرەبی ، چـــاپی یەكـــەم چـــاپخانەی خـــەبات دهـــۆك1998، چـــاپی دووەم بـــەكوردی بـــەناوی (گەمەشـاراوەكانی بـا) ، بـەوەرگێڕانی نـەجات حەمیـد ئەحمـەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەكەم 2008 .
- هونەری كۆلاژ — مێژوو .. تەكنیك .. ئەزموون — چـاپی یەكـەم كوردستان 2020
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسییەوە ـ چاپی یەكەم 2020
- بێجگە لە دەیـان شـیعری وەرگێـڕدراو و نووسـینی دیكـە لـەكات وشوێنی جیاجیادا بەكوردی و عەرەبی.

●

Nazhad Aziz Surme

Kurdish Media in the Circle of Political Games ..

**First edtion**
**Kurdistan 2020**



میدیای کوردی
لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا

Nazhad Aziz Surme

Kurdish Media in the Circle of Political Games ..

First edition
Kurdistan 2020